# کۆبەندی بەشێک لە کار و چالاکییەکانی

# حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

# لە ساڵی ٢٠١٦ زایینی




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی

ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٦ی کوردی - جانێویری ٢٠١٧ی زایینی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

| لاپەڕەی : ١ | مانگی جانێویری : ٢٠١٦ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ٤ی جانێویری ٢٠١٦ | بەبەشداریی سەدان کەس لە کەسایەتییە سیاسی، ئەدەبی، ڕووناکبیریو ڕۆژنامەنووسانو میدیاکاران لە ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی مەلای گەورە بەڕێوەچوو، باس لە خزمەتە ئەدەبییەکانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەو کەسایەتیو بەرهەمەکانی ئەو ناودارەی کورد کراو؛ دیاریو چەپکە گوڵی ڕێزلێنانی پێشکێشکرا. |  |
| ٢ | ٤ی جانێویری ٢٠١٦ | شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەییو حەسن کاکیلی سەردانی حیزبی دێمۆکراتی "بێت نەهرین"یان لە هەولێر کردو لە لایەن شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی بێت نەهرین بریتی لە ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتی، عامر حزیرانو جرجیس یونان؛ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئەم حیزبەوە، پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٣ | ٥ی جانێویری ٢٠١٦ | جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو لەبارەی هەڵبژاردنەکانی دەمین خولی مەجلیسی ئێرانو هەروەها پێنجەمین خولی هەڵبژاردنەکان مەجلیسی خوبرەگان گوتی کە حیزبی دێموکڕات هێشتا هەڵوێستی ڕەسمیی خۆی لەو بارەیە یەکلا نەکردۆتەوە. |  |
| ٤ | ٥ی جانێویری ٢٠١٦ | دەربارەی "ڕوونکردنەوە"یەک: دوای بێئاکاممانەوەی وتووێژەکانی دوولایەنی دێموکڕات و پاش چەند مانگ بێدەنگی و بێخەبەری، ١٣٩٤ (٥ی ژانویەی ٢٠١٦) حدکا بەناوی سکرتاریاوە "ڕوونکردنەوە"یەکی بڵاو کردۆتەوە. |  |
| ٥ | ٦ی جانێویری ٢٠١٦ | ٦٧١مین ژمارەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تایبەت بە پرسی ژنان و هەواڵی کاروچالاک ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بڵاو کرایەوە. |  |
| ٦ | ٦ی جانێویری ٢٠١٦ | هەیئەتێکی پارلمانتارانی کورد لە بەغدا بە سەرپەرستیی ئارێز عەبدوڵلا، سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کردو لەلایەن هەیئەتی حیزب بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٧ | ٧ی جانێویری ٢٠١٦ | شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد 'knk' بە سەرپەرستیی نیلووفەر کۆچ، هاوسەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حدک پێشوازیان لێکرا. |  |
| ٨ | ٩ی جانێویری ٢٠١٦ | فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ١٩ ی بەفرانبار لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆتایی دەورەی ٢١٥ ی سەرەتایی پێشمەرگە، لە ڕێوڕەسمێکدا بەرگی پێشمەرگایەتیی بە بەشدارانی ئەم دەورەیە بەخشی. |  |


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | ١٠ی جانێویری ٢٠١٦ | لەسەر بانگهێشتنی کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دیموکارتی کوردستان، سمینارێک لە ژێر ناوی " گفتوگۆیەکی ئازاد لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان لەنێوان پرسی پەراوێزی سیاسی و شێوەکانی نوی خەبات" لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بەرێوەچوو. |  |
| ١٠ | ١٠ی جانێویری ٢٠١٦ | پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی ح د ک بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دەرچوونی رۆژنامەی "کوردستان: ٢٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ای هەتاوی (ای ژانویەی ١٩٤٦) یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاپ کراو بڵاو بۆتەوەو ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٤، واتە ئەمڕۆ ٧٠ ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازی خۆی پڕ دەکاتەوە. |  |
| ١١ | ١٣ای جانێویری ٢٠١٦ | پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی ح د ک بە بۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند کەریم کابان : بەو بۆنەیە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری هونەرمەند کەریم کابان دەکاو سڵاو بۆ تەمەنێک خزمەتو تێکۆشانی هونەریو نەتەوەیی کەریم کابان بۆ نەتەوەکەی دەنێرێ. |  |
| ١٢ | ١٣ای جانێویری ٢٠١٦ | کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ کاناڵی ئاسمانیی "ڕووداو"دا کە بۆ باس لە سەر هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێران تەرخان کرابوو، سیاسەتو خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ ئەو پرسە خستەڕوو. |  |
| ١٣ | ١٥ای جانێویری ٢٠١٦ | کۆبوونەوەیەکی دۆستانە بۆ هاوکاری و پێوەندی زیاتری حیزبەکان و کوردانی دانیشتوویی پارێزگای ئۆستۆڵدی نۆروێژ بە بەشداری کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ، پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستانی سوریە لەو پارێزگایە پێکهات. |  |
| ١٤ | ١٦ای جانێویری ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتنی بازنەی یۆتۆبۆری بزووتنەوەی گۆران، هەیئەتێکی کومیتەی حیزب لە یۆتۆبۆری بە سەرپەرستی هاورێ کەریم حوسێنی بەرپرسی پێوەندیەکان و هاورێیان مەنسوور ئیراندوست و نەبەزعەلیدوست کۆبوونەوەیەکی دۆستانەیان رێکخست. |  |
| ١٥ | ١٦ای جانێویری ٢٠١٦ | رێورەسمێک بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەشداریی کوردەکانی دانیشتووی ئەو شارەو چەند کەسایەتی‌یەکی سیاسیی ئۆسترالیا بەرێوەچوو، یادو بیرەوەریی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیراو بە بایەخەوە باس لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کرا. |  |
| ١٦ | ٢١ی جانێویری ٢٠١٦ | خالید عەزیزی: سیاسەتمان ئەوەیە خەڵک بێ تەفاوت نەبێ لە ڕەوتی چارەنووس و مافەکانی : حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەرێوەبردنی رێورەسمێک یادو بیرەوەریی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بەرز ڕاگرت. |  |
| ١٧ | ٢١ی جانێویری ٢٠١٦ | لەو سێمینارەدا کە لەلایەن یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردو یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە زانکۆی کۆیە رێکخرابوو، لە چەند رەهەندی جۆراوجۆرەوە دەسکەوتەکانی کۆمار، گرینگیی ئەو دەسەڵاتە کوردیە لەو سەردەمەدا، پێگەی قانوونیی کۆمارو سەمبۆلە نەتەوەیی‌یەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان خرانە بەر باس. |  |
| ١٨ | ٢٢ی جانێویری ٢٠١٦ | ٧٠هەمین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە هاوکاری کۆمیتەکانی یەکێەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵەی کولتووری کوردی لە وڵاتی نۆروێژ بەرێوە چوو. |  |
| ١٩ | ٢٢ی جانێویری ٢٠١٦ | بە بۆنەی ٢ی رێبەندان، حەفتاهەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، کومیتەی بریتانیای حیزبی دیموکراتی کوردستان، رێورەسمێکی پڕ شکۆی لە هۆڵی کۆمکار لە شاری لەندەن رێکخست. |  |
| ٢٠ | ٢٣ی جانێویری ٢٠١٦ | لە شاری گرێوەی دانمارک بە بەشدارییەکی بە رچاوو بیوینە ی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەمان و کوردانی دانیشتووی وڵاتی دانمارک بە گشتی و هەروەها نۆێنەرانی چەند حیزب و رێکخراوی کوردستانی، ٧٠مین سالرۆژی دامەرزانی کۆماری کوردستان لەلایان حیزبی دێموکراتی کوردستان -کۆمیتەی دانمارک بەرز و پێرۆز ڕاگیرا. |  |
| ٢١ | ٢٢ی جانێویری ٢٠١٦ | پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی رێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان.: لە لایەن کۆمیتەی گشتی بەرپوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و هەموو ئەندامانی ئەم رێکخراوەیە گەرمترین پیرۆزبایتان پێشکەش دەکەین ،بە بۆنەی ٧٠ سالەی دامەزرانی کۆماری کوردستان و یەکەم حکوومەتی کوردی کە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دامەزرا. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢ | ٢٢ی جانێویری ٢٠١٦ | ٦٧٢هەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تایبەت بە مانگی ڕێبەندان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری، پەیام و بەیاننامە ڕەسمییەکانی حیزب و هەواڵی کاروچالاکییەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٢٣ | ٢٤ی جانێویری ٢٠١٦ | ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان حەفتاهەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی یەکەمین حکومەتی سەربەخۆی کوردستان، بەشداری سەدان کەس لە ئەندامان، لایانگران و دۆستانی حیزب، نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و سویدییەکان و کوردانی بە ئەمەگی دانیشتووی وڵاتی سوید، لە لایەن کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو وڵاتە و هاوکاری و پشتگیری یەکێتییەکانی ژنان و لاوان و ناوەندی سویدی کوردی، بە شکۆیەکی یەکجار زۆرەوە بەڕێوە چوو. |   |
| ٢٤ | ٢٥ی جانێویری ٢٠١٦ | ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی کاک مەحموود حەسەنزادە، ئەندامی دێرینی حیزبو کەسایەتیی خۆشناوی ناوچەی سەردەشت و، برای مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە؛ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو. |  |
| ٢٥ | ٢٦ی جانێویری ٢٠١٦ | نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کورستان لە ریکخراوی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست،بەڕێز مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری حیزب. لەگەڵ بەڕێز لویس ئایالا سکرتێری ئەم ڕێکخراوەیە، لەبنکەی سەرەکی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لەلەندەن کۆبوونەوە. |  |
| ٢٦ | ٢٦ی جانێویری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی ورمێ بە بۆنەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەبڵاوکردنەوەی وێنەو تراکتی حیزبی چالاکیی تەبلیغییان کردوە. |  |
| ٢٧ | ٢٦ی جانێویری ٢٠١٦ | ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری پاوە بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەبڵاوکردنەوەی تراکت، دروشمو وێنەی شەهیدان چالاکیی تەبلیغییان کردوەو یادو بیرەوەریی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرتوە |  |
| ٢٨ | ٢٧ی جانێویری ٢٠١٦ | سوپاسو پێزانینپڕبەدڵ بەداخم کە دەرفەتم نیە لە نیزیکەوە سوپاسو پێزانینم عەرزی هەمووی ئەو بەڕێزانە بکەم یان هەر نەبێ بە نامەو پەیامو ئیمەیلو لە ڕێگای تەلەفونەوە ئەمەگناسیی خۆمیان پێ ڕابگەیەنم. بۆیە دەگەڵ داوای لێبوردنی تەقسیر لە تەواوی ئەوانەی لە هەموو ڕێگایەکەوە هاودەردییان لەگەڵ کردووین، بە ناوی خۆمو تێکڕای ئەندامانی بنەماڵەکەمانەوە سوپاسو ئەمەگناسی پێشکەشی هەمووی ئەو سەروەرانە دەکەمو بە دڵەوە ئارەزوو دەکەم خوا لە دەردوبەڵا بیان پارێزێو پاداشی خێریان بداتەوە. |  |
| ٢٩ | ٣٠ی جانێویری ٢٠١٦ | کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ١٠ ی ڕێبەندان بەبۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێورەسمێکی بە بەشداریی ئەندامان، لایەنگران، دۆستانی حیزبو هەروەها نوێنەرایەتیی ڕێکخراوەو حیزبە کوردستانییەکان لە شاری تروسدورف پێکهێنا . |  |
| ٣٠ | ٣٠ی جانێویری ٢٠١٦ | کۆمیتەی ئوتریشی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە وییەن پێتەختی ئەو وڵاتە سمینارێکی بۆ ڕێزگرتن لە یادی ٧٠ ساڵە دامەزرانی کۆماری کوردستان بۆ ئەندامان و لایانگرانی حیزبی و هەروەها نوێنەرایەتیی هێزە کوردستانییەکان پێک هێنا. |  |
| ٣١ | ٣٠ی جانێویری ٢٠١٦ | لە شاری تورکوی وڵاتی فینلاند ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ٢ ی ڕێبەندان، ٧٠ ساڵەی یادی کۆماری کوردستان بە سرودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب لە لایەن کۆڕی سروودی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی فێبریویری ٢٠١٦ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ٦ی فێبریویری ٢٠١٦ | کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پەیامێکدا بۆ مام جەلال، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە کۆچی دوایی شێخ جەنگی سەرەخۆشیی لە بەڕێزیان کردوە. |  |
| ٢ | ٦ی فێبریویری ٢٠١٦ | ڕێوڕەسمی کرانەوەی کۆنگرەی ١٦ی حیزب کە بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی کۆنگرە، کەسایەتیی سیاسی و نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەڕێوەچوو، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزبی دێموکڕات و خەباتی نەتەوەیی کورد دەستی پێکرد. |  |
| ٣ | ٦ی فێبریویری ٢٠١٦ | ٦٧٣هەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تایبەت بە مانگی ڕێبەندان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری، پەیام و بەیاننامە ڕەسمییەکانی حیزب و هەواڵی کاروچالاکییەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٤ | ٦ی فێبریویری ٢٠١٦ | لە لایان چەندین هێز و لایەنی سیاسی یەک لەوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە برن پایتەختی وڵاتی سویس خۆپیشاندانێک بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوە چوو. |  |
| ٥ | ٧ی جانێویری ٢٠١٦ | لە دانیشتنەکانی یەکەم ڕۆژی کاری کۆنگرەدا ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥ بۆ کۆنگرەی ١٦ کە لەلایەن بەڕێز خالید عەزیزی پێشکەش کرا بە تێکڕای دەنگی بەشداران پەسند کرا. |  |
| ٦ | ٨ی فێبریویری ٢٠١٦ | لە درێژەی کارو چالاکییەکانی دووهەمین ڕۆژی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بەرنامەی وپێرەوی نێوخۆی حیزبی دێموکڕات پاش تاوتوێ و لێکدانەوەی بەشداران بە کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەکەدا لە لایەن بەشدارانی کۆنگرە پەسند کرایەوە. |  |
| ٧ | ١٠ی فێبریویری ٢٠١٦ | وتووێژی کاناڵی ڕووداو سەبارەت بە کۆنگرەی ١٦ی حیزب دەگەڵ کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان |  |
| ٨ | ١٠ی فێبریویری ٢٠١٦ | کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەی کارو چالاکییەکانی خۆیدا کۆمیتەی ناوەندیی نوێی حیزبی هەڵبژاردەوە و کاک خالید عەزیزی، وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرایەوە. |  |
| ٩ | ١١ی فێبریویری ٢٠١٦ | کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوابڕگەی چالاکیی خۆیدا بە وتەیەکی کورتی کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ دەستنیشان کردنی کارو پڕۆژەکانی داهاتووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ١١ی فێبریوەری ٢٠١٦ | حیزبی کوردستان بەبەڕێوەبردنی دیموکراتی ڕێوڕەسمێک کۆتایی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٦ی خۆی ڕاگەیاند: خالید عەزیزی: حیزبی دێموکراتی حیزبی دوێنێ، ئەمڕۆو حیزبی سبەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە |  |
| ١١ | ١٢ی فێبریوەری ٢٠١٦ | کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پەیامێکدا بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ لە هەوڵەکانمان بۆ یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکراتدا بەردەوام دەبین. |  |
| ١٢ | ١٢ی فێبریوەری ٢٠١٦ | ڕێورەسمێکی پرسەو سەرەخۆشی لە لایەن بنەماڵە و کەس و خزمانی حاجی عەبدوولا ئاغای کۆچکردوو بەبەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سویس، نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان و بەرپرس و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری لۆزان،ی وڵاتی سویس بەڕێوەچوو. |  |
| ١٣ | ١٥ی فێبریوەری ٢٠١٦ | بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی شازدەیەم: کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان) لە ژێر دروشمی "کەلکوەرگرتن لە هەموو بەستێن و شێوازەکانی خەبات بۆ گشتگیرکردنی گوتاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، | |
| ١٤ | ١٨ی فێبریوەری ٢٠١٦ | شاندێکی کۆمیتەی هەرێمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریە ( ئە.نە.کە.سە ) بە سەرپەرستیی دوکتۆر کاوە عەزیزی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن شاندێکی حدک پێکهاتوو لە کەماڵ کەریمی، ئیبراهیم زێوەیی و حەسەن کاکیلییەوە، پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١٥ | ١٩ی فێبریوەری ٢٠١٦ | لە کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستاندا، بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب بەڕێوەچوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات باسی لە دەسکەوتەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبو ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی بۆ کارو تێکۆشانی ئەندامانی حیزب کرد. |  |
| ١٦ | ١٩ی فێبریوەری ٢٠١٦ | حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا هەڵوێستی خۆی لەسەر هەڵبژاردنەکانی ٧ ی ڕەشەممەی مەجلیس ڕاگەیاندوە: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان: دەنگدان یا بایکۆتکردنی هەڵبژاردن، هەر دوویان مافی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکن. | |
| ١٧ | ٢١ی فێبریوەری ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی ڕەسمی حیزبی شیوعی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش نوێنەرایەتی حێزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی ئوتریش لە ساڵرۆژی شەهیدانی حیزبی شیوعی دا بەشداریان کرد. |  |
| ١٨ | ٢٢ی فێبریوەری ٢٠١٦ | وتووێژێکی راستەوخۆی ڕادیۆی ئاشتی کە رادیۆیەکی کوردییە و لە شاری ستۆکهۆڵم،ی لەگەڵ بەڕێز سەعید بیگزادە ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پەیوەندی لەگەڵ کۆنگرەی ١٦ی حیزب و دوایین گۆرانکارییەکان لە سیاسەت و ستراتیژی ئەو حیزبە و ئاڵوگۆڕ و پێشهاتەکانی ناوچەکە پێک هێنا. لێرە دا. |  |
| ١٩ | ٢٣ی فێبریوەری ٢٠١٦ | کۆمیتەی سویدی حیزبی دێموکڕاتی کورستان وێرای دەربڕینی داخ و کەسەری خۆی بە لە دەست دانی کاک حەمەدەمین ئەحمەدپوور، پرسە و سەرخۆشی لە بنەماڵەی سەربەرزی لێتانەکان و شەشە بە گشتی و لە کاک سەلاحی تێکۆشەر بە تایبەت و هەموو خەباتکارانی دێموکڕات دەکا و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێ. |  |
| ٢٠ | ٢٣ی فێبریوەری ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی پارتی ماف و ئازادییەکان،ی باکووری کوردستان " هاک پار"، چەندین پارت و ڕێکخراوی کوردستانی یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ولاتی سویس، بە مەبەستی پێکهێنانی کۆدەنگی لە نێوان حیزب و ڕیکخراوەکاندا و بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمانەوە، لە دەوری یەک کۆبوونەوە. |  |
| ٢١ | ٢٤ی فێبریوەری ٢٠١٦ | پەیام بۆ گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان : حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەروەک جاران و بە ئیرادەیەکی پتەوتریشەوە بە پەیمانی پیرۆزی خۆی دەگەڵ کوردستانییە خەباتگێڕەکان وەفادارە و لێبڕاوە تا گەیشتن بە ئامانجی دابینکردنی ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان ئاڵای خەباتی ئەم گەلە بەشەکاوەیی ڕابگرێ. | |
| ٢٢ | ٢٤ی فێبریوەری ٢٠١٦ | عومەر باڵەکی، بەرپرسی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەکاتی بەشداری کردنی لە بەرنامەی رووداوی ئەمڕۆی رادیۆ تەلەڤزیۆنی رووداو، لەبارەی هەڵوێستی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەبارەی هەڵبژاردنی گشتی ئێران رایگەیاند:خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و خەڵکی ئێران بە گشتی بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن‌و نەکەن، مافی خۆیانە. |   |

Serchawe سەرچاوە
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣ | ٢٤ی فێبریویری ٢٠١٦ | پەیامی کۆنگرەی شازدەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بۆ بنەماڵەی شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان:.ئێمە ئەندامانی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان جارێکی دیکەش ڕێز لە خەبات و خۆڕاگریتان دەگرین و دڵنیاتان دەکەینەوە ڕەنج و ماندووبوون و هەوڵدانی ئێوە لە ڕێگای ڕزگاری دا بە فیڕۆ ناچێ و ئێمە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، تا وەدیهێنانی ئامانجی هەمووومان، واتە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان دەدەین. | |
| ٢٤ | ٢٤ی فێبریویری ٢٠١٦ | ژمارە ٦٧٤ی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆنگرەی ١٦ای حیزب کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. لەو ژمارە نوێیەی کوردستان دا دەقی ئەو پەیامانەش بەر چاو دەکەون کە لە لایەن کەسایەتی، حیزب و ڕێکخراوە کوردستان، ئێران و جیهانییەکانەوە بۆ کۆنگرەی ١٦ نێردرابوون. |  |
| ٢٥ | ٢٤ی فێبریویری ٢٠١٦ | پەیامی کۆنگرەی ١٦ حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هێزو لایەنە ئێرانییەکان: ئەندامانی کۆنگرەی ١٦ایەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئێستا و داهاتووی ئێران و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی، وەک کۆنگرەکانی پێشوو پێیان لەسەر چارەسەریی مەسەلەی نەتەوایەتی، پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، سێکۆلاریزم، دێمۆکراسی، یەکسانی، ئازادی و دیالۆگی دێموکراتیک داگرتەوە، |  |
| ٢٦ | ٢٤ی فێبریویری ٢٠١٦ | بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات، کاک خالید عەزیزی، ئەندامانی ڕێبەریو سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، ڕێز لە دەیان ساڵ تێکۆشان و خزمەتی خوالێخۆشبوو کاک حەمەدەمین شەشە بە نەتەوەکەیو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نرا. |  |
| ٢٧ | ٢٤ی فێبریویری ٢٠١٦ | پەیامی کۆنگرەی ١٦ای ح د ک بۆ ئەندامان، پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنگران و تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات!: حیزبی ئێمە، خەباتی هەمە لایەنەی ئێوە بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانمان بە هیچ جۆر لە خەباتی نەپساوەی خۆی جیا ناکاتەوە و خۆشی بە پشتیوان و پاڵپشتی خەباتی ئێوە لە نێوخۆی وڵات دەزانێ | |
| ٢٨ | ٢٥ی فێبریویری ٢٠١٦ | شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی ئازادی کوردستان_سوریە لە هەرێمی کوردستان پێکهاتوو لە عەدنان مراد و ئیبراهیم بۆتانی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی ئیبراهیم زێوەیی پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٢٩ | ٢٦ی فێبریویری ٢٠١٦ | بە بەشداریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی و بە بەشداریی ١٣٦ڕێکخراوی ئەندام لە ٧٥وڵاتی دنیا لە کۆنگرەی لاوانی ئینتێر ناسیۆناڵ سۆسیالیست تیرانا پایتەختی وڵاتی ئاڵبانی دەستی پێکردوە. |  |
| ٣٠ | ٢٧ی فێبریویری ٢٠١٦ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات خەم و پەژارەی خۆی بۆ لە دەستچوونی هاوڕێ مەحموود محەممەدی ناسراو بە مەحموود خاس دەردەبڕێ و بەم بۆنە دڵتەزێنەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی، لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و سەرجەم خەڵکی ناوچەکانی ڕەبەت و سەردەشت دەکا. یادی نەمر مەحموود خاس و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەل و نیشتمانەکەمان بەرز و بەڕێز رادەگرین. |  |
| ٣١ | ٢٧ی فێبریویری ٢٠١٦ | کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی پێکهێنا. سەرەتا لە لایەن خاتوو ئەسرین ئیسماعیلی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری و هەروەها وەک بەریوەبەری کۆنفرانس |  |
| ٣٢ | ٢٩ی فێبریویری ٢٠١٦ | بەیاننامە لە بارەی: بەڕێوەچوونی دووهەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیو هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٧ی ڕەشەمەی ئێران | |
| | | | |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا





**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی مارچی ٢٠١٦ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی مارچی ٢٠١٦ | بەشداریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی لاوانی ئێنترناسیۆنال سۆسیالیست لە وڵاتی ئاڵبانی، بە دروشمی پاراستنی ژینگەو بە وتاری فلیپێ ژێلدرێس، سەرۆکی ڕێکخراوی لاوانی ئێنترناسیۆنال سۆسیالیست دەستی بە کارەکانی کرد. |  |
| ٢ | ٤ی مارچی ٢٠١٦ | بەیاننامە شەپۆلی نوێی سووکایەتی بە یارسانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەحکووم دەکەین: حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر هەڵوێستی هەمیشەیی خۆی کە مەحکوومکردنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی و ئایینییە، شەپۆلی نوێی هێرش و سووکایەتی بۆ سەر هاوزمانانی یارسانی مەحکووم دەکا. | |
| ٣ | ٥ی مارچی ٢٠١٦ | بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی ژنان، بە تایبەت ژنانی تێکۆشەری کورد کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئەمریکا، بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانیان و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەڤەری واشنگتۆن، ڕێوڕەسمێکیان بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنانەوە بەڕیوەبرد |  |
| ٤ | ٦ی مارچی ٢٠١٦ | شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر بە سەرپەرستیی ئیبراهیم زێوەیی سەردانی ئۆفیسی ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازی جیهانی لە هەولێر کردو لە لایەن شاندێکی ڕێکخراوەکە بە سەرۆکایەتیی شێخ دلێر نەقشبەندی یەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ٥ | ٧ی مارچی ٢٠١٦ | ٦٧٥هەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، هەروەها هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٦ | ٨ی مارچی ٢٠١٦ | پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان: دەبێ ئێمە ژنانی کورد باسی ڕۆژی٨ ی مارس بکەینە باسیک بۆ بەخۆداچوونەوەیەک و تێرامانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. | |
| ٧ | ٨ی مارچی ٢٠١٦ | یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژن سمینارێکی بۆ مامۆستا فازڵ شەوڕۆ و شلێر مەحموودی پێکهێنا. لە یەکێک لە بنەکانی حیزب لە کۆیە باشووری کوردستان. |  |
| ٨ | ٨ی مارچی ٢٠١٦ | شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان بە سەرپەرستیی دوکتۆر حوسێن سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن شاندێکی ڕێبەرایەتی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولودی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ٩ | ٨ی مارچی ٢٠١٦ | هەیئەتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە سەرپەرستیی گریگۆری موریسیەن، دیپلۆمات و کاربەدەستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو لەلایەن شاندی دەفتەری سیاسیی حیزب بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ٨ی مارچی ٢٠١٦ | جێژنـی نێونەتەوەیی ژن، ٨ی مارس لە سـاڵۆنی کولتـووری شـاری لیللەسترۆم بە سەرپەرەستی شـارەوانی شێشمۆ وبە بەشـداری یەکێتـی ژنـان دێمـوکراتـی کوردسـتان لە نـۆروێژ، ،کـۆمەڵەی کولتـوری کـوردی و چەنـدین نەتەوەی جیـاواز بەرێوەچوو. |  |
| ١١ | ١٢ای مارچی ٢٠١٦ | بەشداریی بەشێک لە ئەنـدامانی حیزبـی دێموکراتـی کوردستان بـۆ مەحکـومکردنی سووکایەتیەکانی هێزە ئەمنیەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بۆسـەر جەمخـانەیێکی یارسـانەکان لە شـاری شـائابادی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و پێشـێلکردنی مافەکانی ئەم نەتەوەیە ئەنجام درابوو، خۆپێشاندانێک لە بەردەرگای سەفارەتـی ئێران لە ئۆسلۆ بەرێیوەچوو. |  |
| ١٢ | ١٢ای مارچی ٢٠١٦ | لە لایەن یەکێتی ژنـانی دێموکراتـی کوردستان، یەکێتی لاوانـی دێمـوکراتـی رۆژهەڵاتـی کوردستان و کۆمەڵەی کولتـووری کوردی رۆمەریکە جێژنی نەورۆز بە بەشداری کوردان لە وڵاتی نۆروێژ بەرێوەچوو. |  |
| ١٣ | ١٢ای مارچی ٢٠١٦ | یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتـی کوردستان لە بەرەبەری یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆیدا فستیڤاڵێکی کولتـووری هونـەریی لـە قـەڵای دێمـوکراتدا بە مەبەستی بـە زینـدوو راگرتنـی کەلـەپوور و جلوبـەرگی ڕەسـەنی کـوردی کۆمەڵێک چالاکیی هونەری پێشکێش کران. |  |
| ١٤ | ١٢ای مارچی ٢٠١٦ | کـۆچی دوایـی دایکـی پێشمەرگەیەکی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردستان: دایکـی کـاک بـرایم زێـوەیی، ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتـی کوردستان و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە هەوڵێر کۆچی دوایی کرد. |  |
| ١٥ | ١٤ای مارچی ٢٠١٦ | پـەیامی یەکیـەتیی ژنـانی دیمـوکراتی کوردسـتان بـە بۆنـەی ٢٤ی رەشـەممە،٧٠هـەمین سـاڵیادی دامـەزرانی ئەو رێکخراوەیەوە: هەروەکوو لە رابردوو نیشانیان داوە لە بەرامبەر هەرچەشنە زوڵـم و زۆری کۆنـە پەرەستانە دژ کـردەوە لە خۆیان نیشان بدەن و دیفاع لە ماف و ئازادیییەکانیان بکەن. | |
| ١٦ | ١٤ای مارچی ٢٠١٦ | لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکیەتیی ژنـانی دێموکراتی کوردستان ڕێورەسمێکی بەبۆنـەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی و ڕێز لە یادو بیرەوەریی دامەزرێنەرانی ئەو یەکیەتییەو لە سەروو هەموویانەوە مینا خـانم قازی، هاوژینی پێشەوا قـازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان نرا. |  |
| ١٧ | ١٤ای مارچی ٢٠١٦ | بانگەواز لە پێشوازی نەورۆزی ١٣٩٥دا: ئێمە هیواداریـن لە نەورۆزی ئەمساڵیش دا ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەیان حەماسە لە یەکدەنگی و یەکهەڵویستی، دەیان دیمەنی پڕشکۆ لە بەرزیی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی و بەفەرهەنگبوونی خۆیان بخوڵقێنن. | |
| ١٨ | ١٦ای مارچی ٢٠١٦ | فێرگـەی سیاسیی نیزامیـی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردستان بـە کۆتـایی هـاتنی دەورەی ٢١٦ ی سـەرەتایی پێشـمەرگە دەورەیەکی دیکەی فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتـی کوردستان پۆلێکی دیکە لەلاوانی کـورد بـە ڕەسمی هاتنـە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتـی کوردستانەوە. |  |
| ١٩ | ١٨ای مارچی ٢٠١٦ | تەرمی فەرماندە و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات، شەهید مەحمود خاس، بە بەشداری بنەماڵە و سەدان کەس لە ئەندامان، دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نـوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکـانی کوردستانی و کوردانی تـاراوگە کە لە ولاتـانی ئامریکـا، فینلانـد، سـۆئێد و دانمـارک هـاتبوون، هەوەهـا ژمـارەیەکی بەرچـاو لە نۆروێژێکـانی ناسیاوی بنەماله، لە گۆرستانی شاری کریستیانساندی نۆروێژ تەسلیم بە خاک کرا. |  |
| ٢٠ | ١٩ای مارچی ٢٠١٦ | یەکێتی لاوانـی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان کۆمیتـە ناوچەی رۆگلانـد، لەیەکێک لـە هۆلـەکانی شاری ستاوانگێر مەراسمێکی گەورەی بۆ پێشوازی لە نەورۆزی کوردەواری بەرێوە برد. |  |
| ٢١ | ١٩ای مارچی ٢٠١٦ | حیزبی دێموکراتـی کوردستان بە بەرێوەبردنی رێورەسمێک هاتنەوەی نەورۆزو نوێبوونەوەی ساڵی نـوێی کـردە بـە جێژن. و کارناڤـاڵی شـادییەدا بەبەشـداریی زیـاتر لـە ٦٠٠ کـەس لـە کـادرو پێشمەرگەو ئەندامـەکانی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردستان بەرێوەچوو، ئاگری نەورۆزی ١٣٩٥ داگیرسا. |  |
| ٢٢ | ١٩ای مارچی ٢٠١٦ | پەیامی نەورۆزیی بەرێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان: لە پەیامی نەورۆزیـی خۆیدا هیوای خواست ساڵی نوێ بە ئەزموون وەرگرتن لە ساڵانی ڕابردوو ساڵێکی پڕ دەسکەوت بۆ هەموو تاکەکـانی کورد لە ئێران و خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. |  |
| ٢٣ | ١٩ای مارچی ٢٠١٦ | ناوەنـدی ڕاگەیانـدنی دەرەوەی وڵاتـی حیزبـی دیموکراتی کوردستان، جوانترین و ڕازاوەتـرین پیرۆزباییەکـانی خۆمـان ئاراستەی هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان، بنەمـالە سـەربەرزی شـەهیدان و بەنـدکراوانی سیاسـی و ئەنـدامان، کـادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبەکەمان دەکەین. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤ | ٢٣ی مارچی ٢٠١٦ | هەیئەتیکی کومێتەی ئاڵمان پێکهاتبوو لە سوڵتان گوڵاوی و خالید حەسەنپور، لە دەفتەری بنکەی حیزبی سوسیاڵ دێموکرات لە شاری تەرۆسدۆرڤ "دیرک شڵۆما"، ئەندامی پارڵمانی ئەیالەتی "نۆرد ڕاین وێست ڤاڵێن" لەسەر لیستی حیزبی سوسیاڵ دێموکراتی ئاڵمان چاویان بە دێرک شڵۆما کەوت. |  |
| ٢٥ | ٢٤ی مارچی ٢٠١٦ | لە کۆبوونەوەی نێوان بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیسیتدا بابەتەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی جیهانی و ڕۆڵ و نەخشی ئەو ڕێکخراوەیە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا. |  |
| ٢٦ | ٢٥ی مارچی ٢٠١٦ | نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرانسە، ئێوارەخوانێکی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا. لەم ئێوارەخوانەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و چالاکانی سیاسیی هەر چوارپارچەری کوردستان بەڕێوەچوو کاک خالید عەزیزی چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. |  |
| ٢٧ | ٢٦ی مارچی ٢٠١٦ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ، بەبەشداریی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب و یەکێتی لاوان پێکەوە جێژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد. |  |
| ٢٨ | ٢٦ی مارچی ٢٠١٦ | بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی ح د ک لە ئاهەنگی جێژنی نەورۆز لە وڵاتی سویس. کە لە شاری فریبوورگی سویس بە شکۆیەکی گەورە و بە بەشداری دەیان کەسایەتی هوونەری، گرووپی موزیک و هەزاران کەس لە کوردستانیانی هەر چوار پارچەی کوردستان جەژنی سەری ساڵی کورد(نەورۆز) پیرۆزکرا. |  |
| ٢٩ | ٢٧ی مارچی ٢٠١٦ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شاری ڤێستروس،ی وڵاتی سوئید، لە برگەی یەکەمی کۆنفڕانسی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک (پەیەدە)، بەشدار بوون. هەیئەتی حیزب لەم کۆنفڕانسە دا، بریتی بوون لە بەڕێزان: حەسەن حاتەمی، مەسعوود دیماسی، خاتوو موژدە عەزیزی و سامان ئارمەند. |  |
| ٣٠ | ٢٧ی مارچی ٢٠١٦ | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی لە وتووێژ لەگەڵ کاناڵی ئاسمانیی کوردستان ٢٤ دا, ڕایگەیاند مێژووی خەباتی چەکداریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پڕە لە قوربانیدان و فیداکاری و، ئەگەر بچینە سەر چارەسەری نیزامیی پرسی کورد لە ئێران، خەباتی چەکداری لە شاشەی تلویزیۆنەوە ڕاناگەیەنین. |  |
| ٣١ | ٢٧ی مارچی ٢٠١٦ | بەڕێز عومەر باڵکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە وتووێژ لەگەڵ دەنگی کوردیی ئەمریکادا: خەباتی کورد بە تەنیا حیزبێک و بە هێزێکی چەکداری پێشمەرگە ناگاتە ئاکام. |  |
| ٣٢ | ٢٨ی مارچی ٢٠١٦ | ٦٧٦هەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تایبەت بە یادەکانی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی کورد، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و شیعر و پەخشان، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٣٣ | ٢٩ی مارچی ٢٠١٦ | کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و ساڵرۆژی لەداردرانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان و سەدری قازی و سەیفی قازی، دوو ڕێبەری دیکەی کۆماری کوردستان کۆڕیادێکی بەشداریی سەدان کەس لە ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا قازی محەممەد، لەگەڵ ئامانج و ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدی کۆماری کوردستان پەیمانی وەفا نوێ کرایەوە.بەڕێوەبرد. |  |
| ٣٤ | ٢٩ی مارچی ٢٠١٦ | پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی ح د ک بەبۆنەی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان: لەم ڕۆژەدا واتە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سلاو دەنێرین بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان و جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە، |  |
| ٣٥ | ٣١ی مارچی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کردستان ساڵرۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەدو یارانی لە ناوچەکانی بانە بە نووسینی دارو دیوارەکان و بڵاوکردنەوەی ترکتی پێوەندیدار بەم ڕۆژە چالاکیی تەبیلغی کرا. |  |
| ٣٥ | ٣١ی مارچی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە تورجان بەبۆنەی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان کرد. لەو چالاکییە تەبلیغییەدا وێنەو تراکتی حیزبی بڵاو کرایەوەو دارو دیواری ئاوەدانی بەو دروشمانە ڕازانەوە. |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا


https://serchawe.com




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

| لاپەڕەی : ١ | مانگی ئەپریلی ٢٠١٦ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی ئەپریلی ٢٠١٦ | بەڕێز قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:بۆ تۆڕی میدیایی "خەڵک" بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی لەداردرانی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکڕات و کۆماری کوردستان؛ لەتبوونی حیزبی دیموکرات ڕووداوێکی نەخوازراو بوو، هەر دوو لایەنیش هەر کام بە ڕادەی خۆی لێی بەرپرسیارن. |  |
| ٢ | ٢ی ئەپریلی ٢٠١٦ | کۆنفرانسی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژرادنەوەی کۆمیتەی گشتی لە وڵاتی نۆرویژ بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە نۆرویژ و بە سەرپەرستی هاوڕێیان خاتوو کوێستان گادانی، کاک سەعید بەیگزادە و کاک هاشم ڕۆستەمی بەڕێوەچوو. |  |
| ٣ | ٣ی ئەپریلی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی بانە بە تایبەت لەسەر ڕێگەوبان و شوێنی سەیرانگاکان بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدان، تراکتی حیزبی و ئاڵای کوردستان ڕێزیان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان و لە سەروو هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەدو یارانی گرتوە. |  |
| ٤ | ٤ی ئەپریلی ٢٠١٦ | بە دەستپێشخەریی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانو پشتگیریو هاوکاریی فێدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانییەکان لە وڵاتی دانمارک، بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە، ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوای قازی محەممەدو هاوڕێیانی و ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سمینارێکی سیاسی بۆ کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب، لە شاری کۆپێنهاگ، پایتەختی وڵاتی دانمارک پێکهات. |  |
| ٥ | ٥ی ئەپریلی ٢٠١٦ | ٦٧هەمین ژمارەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە چەندین بابەتی سیاسی، بەیاننامە و ڕاگەیێندراوە ڕەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٦ | ٦ی ئەپریلی ٢٠١٦ | بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گەشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەردانی پارلەمانی سویدی کرد و لەگەڵ بەڕێزان خاتوو ( ئاندرینە وینتهێر Andrine Winther) بەرپرسی پەیوەندییە نێونەوتەوەییەکانی پارتی سوسیال دیموکراتی سوید و بەڕێز (سەرکان کۆسە Serkan Köse) ئەندامی پارلەمان و ئەندامی لیژنەی کاروباری دەرەوەی پارلەمانی سوید دیدار و چاوپێکەوتنی کرد. |  |
| ٧ | ٦ی ئەپریلی ٢٠١٦ | بەیاننامەی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن حیزبی دیموکراتی کوردستان: هەراساز کردن و شێواندنی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کام مەبەست؟ | |
| ٨ | ٦ی ئەپریلی ٢٠١٦ | لە حەفتاوسێهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لاوانی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵات و بەشێک لە ئەندامانی هەڵسووڕی ڕێکخراوەکە لە بەرزاییەکانی زاڵ بە سەر شاری ڕەبەت ئاگریان داگیرساندو شەقامەکانی ئەو شارەشیان بە دروشمە ئازادیخوازانەکانیان ڕازاندەوە. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦ | پۆلێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوان لە شارەدێی تورجان چالاکییەکی تەبلیغییان بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان بەڕێوەبرد. |  |
| ١٠ | ٩ی ئەپریلی ٢٠١٦ | بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید،سمینارێکی تەشکیلاتی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنرا |  |
| ١١ | ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٦ | یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە ڕێورەسمێکیان بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە، کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان بەڕێوەبرد، |  |
| ١٢ | ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٦ | ئەندامانی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە شارەدێی سەرچنار (کەڵبەڕەزاخان) چوونەتە مزگەوتی ئەم ئاواییەو لە ڕێگەی بڵیندگۆی مزگەوتەوە سروودی حیزبی و شۆڕشگێرییان بڵاو کردۆتەوە. بڵاوکردنەوەی سروود لە بڵیندگۆی مزگەوتەوە تا کاتژمێر ٤ی بەیانی خایاند. |  |
| ١٣ | ١١ی ئەپریلی ٢٠١٦ | بەرپرسی پەیوەندیەگشتیەکانی حیزب لە نۆرویژ، بەڕێز ناسر قادرپوور لە گەڵ نوێنەر نەتەوەیەکگرتووکان و وەزیری حکوومەتی پێشووی نۆرویژ، هیلدە فرا فیورد یوهانسون کۆ بۆوە، |  |
| ١٤ | ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی پارتی پێشڕەوی کورد لە سوریە، بۆ خۆپیشاندان دژ بە بۆردومانی شارۆچکەی شێخ مەقسوود لە ڕۆژئاوای کوردستان و کوشتنی خەڵکی بێتاوانی ئەو ناوچەیە بەو چەکە قەدەغە کراوە، نوێنەرایەتی چەندین حیزبی کوردستانی یەک لە وان کۆمیتەی حیزبی دێموکرات، و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی سویس، |  |
| ١٥ | ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەمریکا. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆڕێکی بۆ بەرێزان قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەریم سنجاری وەزیری ناخو و و وەزیری پێشمەرگە بە وەکالەت لە هۆتێل هیلتۆنی فەیرفاکس لە ڤیرجینیا ڕێکخست، |  |
| ١٦ | ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٦ | کومیتەی نۆرویژی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بە هاوکاری لەگەڵ چوار ڕێکخراوی دیکە، سمینارێکیان لە ژێر ناوی ژن و نەخۆشییە دەروونییەکان و سڵامەتی ژن لە کۆمەڵگادا بەڕێوەبرد. |  |
| ١٧ | ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٦ | یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەڤەری پشدەر بە بۆنەی یادی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی، ڕێورەسمێکی بەبەشدارای سەدان ئەندامو لایەنگری یەکیەتیی لاوان لە دەڤەری پشدەر بەڕێوە برد. |  |
| ١٨ | ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی ڕێکخراوی " پێشوازی" لە کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداری لە سمینارێک دا کە بۆ کۆمەڵێک لەو پەنابەرە تازە هاتووانەی کە ڕوویان لە وڵاتی ئوتریش کردووە، |  |
| ١٩ | ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٦ | بەڕێز ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر سەردانی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان لە شاری هەولێری کردو لە لایەن شاندێکی بزووتنەوە بە سەرپەرستی مام خدر، سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە پێشوازیی لێ کرا. |  |
| ٢٠ | ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٦ | دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان: حیزبی دیموکراتی کوردستان، نارەزایەتی دەربڕین و مانگرتنی کۆڵبەران، بازاڕییان و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکان بە ڕەوا دەزانێ و وێڕای مەحکوومکردنی گوشاروکۆسپ و بەربەست دروستکردنی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم، پشتیوانی لە داخوازەکانی مانگرتووان دەکا. | |
| ٢١ | ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦ | یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ بەبۆنەی ٧٣هەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەم یەکێتی یە ڕێورەسمێکی بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و بە تایبەت دواین شەهیدی ڕێکخراوەکە بەرز ڕاگرت. |  |
| ٢٢ | ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦ | ٦٧٨مین ژمارەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو کرایەوە. لەو ژمارە نوێیەی کوردستان دا، چەندین پەیام و بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی بەرچاو دەکەوێ. هەروەها بەیاننامە و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناخۆ و دەرەوەی وڵات. |  |
| ٢٣ | ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی نوێنەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان پ. ک. ک لە وڵاتی دانمارک، شاندێکی کۆمیتەی حیزب بە سەر پەرستی بە ڕێز هیوا زە بیجی بەرپرسی کومیتەی حیزب لەو وڵاتە، سەردانی بارەگای نوێنەرایەتی ی پ. ک. ک یان لە شاری وەلبی کرد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤ | ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٦ | لەسەر بانگهێشتی فەرمی کومیتەی پەیەدە لە ولاتی سوید، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە سەرپەرستی هاوڕێ حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕیبەری حیزب، بەشداری لە چوارەمین کۆنفڕانسی گشتیی پەیەدە لە شاری ڤێستروسی وڵاتی سویدیان کرد. |  |
| ٢٥ | ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٦ | شاندێکی پارتی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاکەمین نەججار، ئەندامی مەکتەب سیاسیی پارتی دێموکڕات و بە هاوڕێیەتیی کاک میقداد عەلی، بەرپرسی لقی ٢٤ ی پارتی و هەیئەتی هاوڕێیان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |   |
| ٢٦ | ٣٠ی ئەپریلی ٢٠١٦ | بەشداریی شاندیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ، لە مێزگردێکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی سوریا لە نۆروێژ لە پارێزگای ئۆستفۆڵدی ئەم وڵاتە. | |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی مەی ٢٠١٦ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی مەی ٢٠١٦ | بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەی کرێکاران، ڕێپێوانێکی بەرین بە بەشداری هەزاران کەس لە لایانگرانی مافی کرێکاران و حیزبە چەپ و سوسیالیستەکان، یەک لەوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ڤییەنی وڵاتی ئوتریش بەڕیوەچوو. |  |
| ٢ | ٥ی مەی ٢٠١٦ | ٦٧٩ هەمین ژمارەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هەروەها، بەیاننامە و ڕاگەیێندراوە فەرمییەکانی حیزب و کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٣ | ٨ی مەی ٢٠١٦ | بە دەستپێشخەری گروپی چالاکوانانی کوردی مالمۆ و هاوکاری کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پاریزگای سکۆنەی سوید، سمینارێک بۆ بەڕیز حەسەن حاتەمی ئەندامی ڕیبەری و بەپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب پێکهێنرا. |  |
| ٤ | ١١ی مەی ٢٠١٦ | لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆڕی پرسەو سەرخۆشیی خاتوو فاتمە حەسەنزادە بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکان، ئەندامانی بنەماڵەکانیان، کەسایەتییە سیاسییەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نوێنەرانی ئیداری و سیاسیی حیزب و دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە نیزیکەوە هاوخەمیی خۆیان لەگەل مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە دەربڕی. |  |
| ٥ | ١٢ی مەی ٢٠١٦ | پەیامی هاوخەمیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەری دێرین سەروان چەکۆ ڕەحیمییەوە: کۆچی ناوەختی هاوڕێ چەکۆ ڕەحیمی، بووە مایەی خەم و پەژارەی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو ئاستەکان دا. |  |
| ٦ | ١٤ی مەی ٢٠١٦ | بە بەشداری نوێنەرانی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکێتی لاوان، کومیتەی گشتی حیزب دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سوید و کۆمەڵێک لە بنەماڵەی لاوان کۆبوونەوەیەکی بەرینی یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری وێستروس،ی وڵاتی سوید، بەڕیوە چوو. |  |
| ٧ | ١٥ی مەی ٢٠١٦ | لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت دا، بەڕیز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ: ئیران سەرچاوەی هەموو قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و توانیویەتی بە هاندانی خەڵکی شیعە لە ناوچەکە دا ناسەقامگیری دروست بکا. |  |
| ٨ | ١٩ی مەی ٢٠١٦ | شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرەستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانیان لە شاری سلێمانی کردو لەلایەن شاندێکی گۆڕان بە سەرپەرەستیی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان پێشوازییان لێکرا. |  |


Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | ٢١ای مەی ٢٠١٦ | بەشدارایی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمیناری "کوردو سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەراست" بە دەستپێشخەریی ئەنیستیتۆی مێری لە شاری هەولێری پایتەختی هەریمی کوردستان. |  |
| ١٠ | ٢٣ی مەی ٢٠١٦ | پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی سمایل ئاغای ئێلخانیزادە وەزیری ڕێگاوبانی کۆماری کوردستان: یادی سمایلاغای ئێلخانیزادە وەک یادو ناوی هەموو کەسایەتییە دڵسۆزو نیشتمانپەروەرەکانی نەتەوەکەمان بە بەرزی و زیندوویی دەمێنێتەوە. |  |
| ١١ | ٢٣ی مەی ٢٠١٦ | پەیامی سەرەخۆشی سکرتێری گشتیی حیزب بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی سمایل ئاغای ئێلخانیزادەوە: بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان حاجی سمایل ئاغای ئێلخانیزادە، لە قووڵایی دڵەوە سەرەخۆشیتان لێ دەکەمو خۆم بە هاوخەمتان دەزانم. لە ڕێگای بەڕێزیشتانەوە سەرەخۆشیی خۆم و ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەشی هەموو کچ و کوڕەکانی ڕەوانشاد حاجی سمایل ئاغا و تێکڕای کەسوکارو ئازیزانتان دەکەم. |  |
| ١٢ | ٢٤ی مەی ٢٠١٦ | سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرداوی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامادە بوونی ئەندامانی ئەسڵی و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، دەستی بە کارەکانی کردو دوای سێ رۆژ کاری بەردەوام، ئێوارەی رۆژی دووشەممە کۆتایی بە کارەکانی هێنا. |  |
| ١٣ | ٢٥ی مەی ٢٠١٦ | بەڕیز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ ئەلکساندر واندێبێلن، سەرکۆماری نوێی وڵاتی ئوتریش، پیرۆزبایی ئەو هەڵبژێرانەی لە بەڕێزیان کردووەو لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆری دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا چەند داوایەکی لێ کردوە. |  |
| ١٤ | ٢٦ی مەی ٢٠١٦ | ٦٨٠هەمین ژمارە ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەت و وتاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەر و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ دەرەوەی وڵات، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ١٥ | ٢٦ی مەی ٢٠١٦ | ژمارە ٤٣ی گۆڤاری " ژنان: زمانحاڵی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە. |  |
| ١٦ | ٢٦ی مەی ٢٠١٦ | بانگەوازی سکرتاریای یەکیەتیی لاوان بۆ پشتیوانی و بەهاناوەچوونی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند: هەر بۆیە داوا لە سەرجەم کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و هەموو ناوەند و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ دەکەین هەنگاوی بە پەلە هەڵ بگرن و هەموو هەوڵی خۆتان بۆ گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران |  |
| ١٧ | ٢٨ی مەی ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی کومیتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە واشینگتۆن لە ڕێوڕەسمی یادی ٤١ ساڵەی دامەزراندنی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان بەشداریان کرد کە بەو بۆنەوە سەیرانێکی خێزانیان ڕێکخستبوو. |  |
| ١٨ | ٢٩ی مەی ٢٠١٦ | نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی هاک.پار و حیزبی یەکیەتی دێموکراتی کوردی سوریە، لە وڵاتی سویس، بە مەبەستی زیاتر هاوکاری و دۆزینەوەی مکانیزمی زیاتر بۆ بەیەکەوە کارکردن لە پرسە نەتەوەییەکان بۆ کۆبوونەوە |  |
| ١٩ | ٢٩ی مەی ٢٠١٦ | نوێنەرانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان کۆبوونەوە. لەو دانیشتنەدا هێندێک پرسی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاو وتوێ کران. هەروەها لەسەر چۆنیەتی پێکەوە کارکردن لە نێوان لایەنە سیاسییەکان لە وڵاتی ئاڵمان ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا، |  |
| ٢٠ | ٣٠ی مەی ٢٠١٦ | بەشداریی کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە خۆپێشاندانێک لە شاری هێلسینکی، لە بەردەم بینای مارینا کۆنگرێس سەنتەر و سکاندیک هۆتێل، شوێنی دانوستانی نێوان وەفدەکانی دوو وڵات، بەڕێوەچوو |  |
| ٢١ | ٣٠ی مەی ٢٠١٦ | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نامەیەک دا بۆ ناوەندە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی محەممەد سدیق کەبودوەند دا، سەرنجی ئەو لایەنانەی بۆ دۆخی نالەباری ئەو چالاکەی مافی مرۆڤی کورد لە زیندانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا ڕاکێشاوە. |  |
| ٢٢ | ٣٠ی مەی ٢٠١٦ | کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری برلین، پشتیوانی خۆی لەم کۆبوونەوە دەربڕی و ئەندامانی حیزبیش بەشداری چالاکانەیان هەبوو لە خۆپیشاندانی کوردانی دانیشتووی ئەڵمان، بۆ پشتگیری لە محەممەد سدیق کەبوودوەند، لە بەردەم دەفتەری پارلەمانی ئوروپا. |  |

https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣ | ٣١ی مەی ٢٠١٦ | هەیئەتێکی حیزب کە پێک هاتبوو لە بەڕێزان ناسر قادرپوور بەرپرسی گشتی پەیوەندیەکان حیزب لە نۆروێژ و خاتوو مەحبوبە ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتە و بەرپرسی یەکێتی ژنان و هاوکاری بەشی پەیوەندیەکان، سەردانی پارڵمانی ئەو وڵاتەیان کرد کە لەلایان بەڕێز "سنورە واڵن" ئەندامی پارڵمان و جێگر سکرتێری پارتی سوسیالیستی چەپەوە پێشوازیان لێ کرا. | |
| | | | |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com






**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی جوونی ٢٠١٦ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی جوونی ٢٠١٦ | ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور: بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە تێکۆشەری دێرین و هاوڕێی زیاتر لە پێنج دەیە تێکۆشان و خەباتی نهێنی و ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور، کۆچی کرد. |  |
| ٢ | ١ی جوونی ٢٠١٦ | کۆڕی پرسەو سەرەخۆشیی کاک حەمەڕەسووڵ حەسەن‌پوور، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، ئەندامانی بنەماڵەکانی دانیشتووی بنکەکانی حیزب، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، کەسایەتییە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بەڕێوەچوو؛ | |
| ٣ | ١ی جوونی ٢٠١٦ | بەشداریی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خۆپێشاندانی بەشێک لە کوردانی وڵاتی سوئێد، لە شاری ستۆکهۆڵم بۆ پشتگیری لە سەرۆکی بەندکراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەڕێز محەمەد سەدیقی کەبوودوەند و نارەزایەتی دەربڕین لە سەردانی محەمەد جەوادی زەریف وەزیری دەرەوەی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بۆ وڵاتی سوئێد. | |
| ٤ | ١ی جوونی ٢٠١٦ | لە شاری بێرن،ی پایتەختی وڵاتی سویس، سمینارێک بۆ بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش لە هۆڵی پارلەمانی سویس ساز کرا. لە سەر بانگهێشتی گرووپی پارلەمانتارانی کورد و بەڕێز کارلۆ سۆماروگۆن،ی سەرۆکی پارلەمان بۆ کاروباری کوردان و هەروەها خاتوو سبیل ئەرسەلان، نوێنەری زۆربەی حیزب و ڕیکخراوە کوردستانیەکان یەک لەوان نوێنەری کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سویس، هاوڕێ ڕەحمەت ئیبراهیمی لەو سمینارە دا بەشدارییان کرد. | |
| ٥ | ٢ی جوونی ٢٠١٦ | پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی ح د ک بەبۆنەی کۆتایی کۆنگرەی ٧ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان: بەبۆنەی کۆتایی کۆنگرە و هەڵبژێرانەوەی جەنابتان وەک ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بە ناوی خۆم و ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پیرۆزبایی گرتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەکەتان لێدەکەم. | |
| ٦ | ٣ی جوونی ٢٠١٦ | هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. | |
| ٧ | ٤ی جوونی ٢٠١٦ | یەکیەتیی لاوان و ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی یەکی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان ڕێوڕەسمێکی تایبەتییان بۆ منداڵانی نێو بنکەکانی حیزب دێموکڕاتی کوردستان پێکهێنا. و کۆمەڵە برگەیەکی هونەری و ئەدەبی و چالاکیی هەمەجۆری منداڵان پێشکێش کرا. | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | ٤ی جوونی ٢٠١٦ | کۆبوونەوەی ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد بە تایبەت کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور لە شاری ستۆکهۆڵم،ی پایتەختی ولاتی سوید دەستی پێکرد |  |
| ٩ | ٧ی جوونی ٢٠١٦ | بە دەستپێشخەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان بۆ پشتیوانی کردن لە داوا ڕەواکانی زیندانیانی سیاسی کورد بە تایبەت کەبوودوەند خۆپێشاندانێکیان لەبەر دەرگای وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ و بەردەم سەفارەتی کۆماری ئیسلامی ئێران پێکهێنا. |  |
| ١٠ | ٦ی جوونی ٢٠١٦ | هاوکات لەگەڵ ١٠١٦ هەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جهانی کار لە ناوبارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان، بەبەشداریی سەدان کەس لە کوردستانیان و ئێرانییەکانی نێشتەجێی وڵاتی سویس پرسی کەبودوند، کرێکاران و کۆڵبەرانیان بردە بەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان. |  |
| ١١ | ٨ی جوونی ٢٠١٦ | کومیتەی حێزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری بریزبێنی ئوستراليا بۆ گەیاندنی دەنگی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سەدیق کەبودوەند بە جیهان کە ماوەی مانگێکە مانی لە خواردن گرتووە، هەیئەتێکی ئەو کومیتەیە سەردانێکی ڕەسمیان بۆ لای بەڕێز گراهام پارێت ئەندامی پارلمانی فیدرالی ئُسترالیا ئەنجام دا. |  |
| ١٢ | ٦ی جوونی ٢٠١٦ | دیداری تایبەتی تەلەفزیۆنی کورد کاناڵ لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان. بەڕێز خالید عەزیزی لەو دیدارە دا کۆمەڵک باس و بابەتی نوێ دێنتە بەرباس. |  |
| ١٣ | ٧ی جوونی ٢٠١٦ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٨١ی، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەدەبی و هونەری و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ١۴ | ١٠ی جوونی ٢٠١٦ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری ح د ک داوا لە مانگرتووان دەکات کە کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بێنن: وێڕای سپاس و پێزانین لە سەرجەم چالاکانی سیاسیی و مەدەنی و مانگرتوو کە لەو ماوەدا ئەرکی کوردانە و مرۆڤدستانەی خۆیان بەجێ گەیاندووە، داوا دەکەم کە چالاکانی سیاسی و هاوڕێیانی حیزبیشمان لە وڵاتانی نۆڕوێژ و ئاڵمان هاوکات لەگەڵ کاک محەممەدسەدیق کەبوودوەند، مانگرتنەکەی خۆیان بشکێنن. |  |
| ١۵ | ١٠ی جوونی ٢٠١٦ | هاوڕێ خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی وڵاتی فینلاندی کرد. هەر لە هەمان ڕۆژ و لە چەند چاوپێکەوتن و دیداری جیاوازدا، وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز سکرتێری گشتی بە جیاواز لەگەڵ لایەنە حیزبی و حوکمیەکانی وڵاتی فینلاند کۆبۆوە. |  |
| ١٦ | ١٠ی جوونی ٢٠١٦ | ڕێزدار خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە یاوەریی هەر یەک لە بەڕێزان وڵات نەهری سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە فینلاند و سارا ئیبراهیمی بەرپرسی بەشی پێوەندیەکانی کۆمیتەی فینلاند سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەیان کرد. |  |
| ١٧ | ١١ی جوونی ٢٠١٦ | بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاک خالید عەزیزی، لە چاوپێکەوتنێک دا لەگەڵ بەرنامەی هەڤپەیڤین،ی تەلەفزیۆنی ڕووداو دا، کۆمەڵێک باس و خواستی گرینگی سەبارەت بە ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لەو بەشەی وڵات و چۆنیەتی مامەڵە و پەیوەندی شۆڕش و بزووتنەوەی کورد لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ئێران دا ورووژاند. |  |
| ١٨ | ١١ی جوونی ٢٠١٦ | سمینارێکی سیاسی بۆ بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات بە مەبەستی تیشک خستنە سەر سیاست و بیروبۆچوون و هاوکات شیکردنەوەی پێویست لە سەر بڕیاراتی کۆنگرەی ١٦ای حیزب و بردنە سەری ئاستی ئاگایی ئەندامان و لایەنگرانی حدک و ڕەوەندی کوردی لە وڵاتی دانمارک پێکهێنا. |  |
| ١٩ | ١١ی جوونی ٢٠١٦ | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ کوردانی نیشتەجێی فینلاند کۆ بووە و لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە تایبەت سیاسەت و بۆچوونەکەنی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و گرنگیی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئامادە بووان ئاخاوت. |  |
| ٢٠ | ١٢ی جوونی ٢٠١٦ | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای هەر یەک لە بەڕێزان سارا ئیبراهیمی بەرپرسی بەشی پێوەندیەکانی کۆمیتەی فینلاند و وڵات نەهری سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان لەو وڵاتە، سەردانی پارلمانی فینلاندیان کرد و لەگەل نوێنەرانی بەشی پەیوەندیەکانی دەرەوە و مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی فینلاند کۆ بوونەوە. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | ١٣ای جوونی ٢٠١٦ | بەپێی هەواڵی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پۆلێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکڕات بۆ بیرهێنانەوەی فیداکاری و ئازایەتییەکانی شەهید مەنسوور ئاروەند، لە ساڵیادی شەهیدکرانی دا دیوارو شوێنە گشتییەکانی شارەدێی قەرە مووسالی‌یان بە ناو و وێنەی شەهید مەنسوورو دروشمی تەبلیغیی حیزب ڕازاندەوە. |  |
| ٢٢ | ١٦ای جوونی ٢٠١٦ | هاوڕێ مەولوود سوارە، ئەندامی ڕیبەری و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیای کرد و لەگەڵ بەڕێز کاروان جەمال تاهیر، نوێنەری حکومەتی هەرێم لەو وڵاتە چاوپێکەوتنێکی ساز کرد. | |
| ٢٣ | ١٨ای جوونی ٢٠١٦ | پەیامی هاوخەمی لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: ئێمە شەهید بوونی پۆلێک لە هاوڕێیانتان بە خەسارێک نەک هەر بۆ ئێوە، بەڵکوو بۆ خۆمان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دەزانین. بەم بۆنەیەوە بە گەرمی سەرەخۆشی لە ئێوەو هەموو تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانتان دەکەین و هاوخەمیی خۆمان و تێکڕای ڕیزەکانمان بە بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدەکان و خەڵکی دڵسۆزو پێشمەرگە پەروەری ناوچەی شنۆ ڕادەگەیەنین. |  |
| ٢٤ | ١٨ای جوونی ٢٠١٦ | سیمینارێک بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر ناوی "چاو خشاندنێک بە رووداوە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچە و جیهان"، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە شاری کۆڵن،ی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو. |  |
| ٢٥ | ١٨ای جوونی ٢٠١٦ | بە ئامادە بوونی سەدان کەس لە هاوڕێ، خزم و کەس و هەڤاڵانی کە لە هەموو شار و ناوچەکانی سویدەوە ڕوویان لە شاری لینشۆپینگ،ی ئەو وڵاتە کردبوو، کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی تێکۆشەر دێرین و ناسراوی ناو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور بەڕێوەچوو. |  |
| ٢٦ | ١٩ای جوونی ٢٠١٦ | لەسەر بانگهێشتنی رەسمی " کیفا " ڕێکخرای ئاڵمانی ئیسرائیلی، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بریتی بوون لە خالید حەسەنپور ئەندامی رێبەری و کامران عوسمانپوور، بەشداریان لە چوارەمین کۆنگرەی ئاڵمان – ئیسرائیل لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان کرد. |  |
| ٢٧ | ٢٠ی جوونی ٢٠١٦ | هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێرێ گشتیی حیزبی دێموکڕات بەبەشداری لە ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی شەهیدانی ڕۆژی ٢٦ی جۆزەردانی ناوچەی شنۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، هاوخەمیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان بە بنەماڵەو کەسوکارو هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە ڕاگەیاند. |  |
| ٢٨ | ٢٠ی جوونی ٢٠١٦ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٨٢ی، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هۆنەری و هەروەها هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٢٩ | ٢٤ی جوونی ٢٠١٦ | کومیتەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی دیکە، لە ڤێستیڤاڵی ساڵانەی سترۆمێن دا بە نیشاندانی کولتوور و خواردنی کوردەواری بەشداریان کرد. |  |
| ٣٠ | ٢٥ی جوونی ٢٠١٦ | بەرێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی تۆڕی جیهانیی "بی بی سی"دا خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی چەکدارانەدا خستە بەرباس. |  |
| ٣١ | ٢٦ی جوونی ٢٠١٦ | ڕاگەیەندراوێ ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزب: بەبۆنەی پەلامار بۆ سەر ئۆفیسی سەرەکیی تۆڕی میدیایی "ڕووداوو": ئێمە لەگەڵ ئەوەی دڵگرانیی خۆمان سەبارەت بەو ڕووداوە رادەگەیەنین، هاوکات پێ لەسەر هاوپێوەندی و پشتیوانیمان لە تۆڕی میدیای "ڕووداو" دادەگرین و ئاواتی چاکبوونەوەی خێرا بۆ بریندارانی ئەو ڕووداوە دەخوازین | |
| ٣٢ | ٢٦ی جوونی ٢٠١٦ | بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە یەکەمین قۆناغی سەردانەکەی دا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە شاری واشنگتۆن لەگەڵ خاتوو " میراکۆگن ڕێسنگ"، بەرپرسی باڵای کومیتەی چاوەدێری سیاسەتی دەرەوە لە کۆنگرێسی ئەمریکای کرد. |  |
| ٣٣ | ٢٦ی جوونی ٢٠١٦ | پێشانگایەکی شێوەکاری لە شاری کۆڵن بەبۆنەی ٢٩مین ساڵرۆژی کیمیابارانی شاری سەردشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو. لەو پێشانگایە دا چەندین تابلۆی شێوەکاری و پەیکەر کە بەرهەمی چەند هونەرمەندی کورد بوون پێشانی ئامادە بووانی ئەو کۆڕە دران. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۳۴ | ۲٦ی جوونی ۲۰۱٦ | مەنسوور مروەتی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دیمانەیەکی تەلڤیزیۆنی لە گەڵ N R T دا ڕایگەیاند: کە ئێمە لە دوو دەیەی ڕابردوودا لەپێناو پاراستنی هەرێمی کوردستان، زۆر لە چالاکییەکانی خۆمان کەمڕەنگ کردۆتەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بەردەوام بۆ دژایەتیی هەرێمی کوردستان لە بیانوویە. |  |
| ۳۵ | ۲٦ی جوونی ۲۰۱٦ | چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەلی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا. وڵامی پرسیارەکانی کاک بەڵێن سائح دەداتەوە. |  |
| ۳٦ | ۲۸ی جوونی ۲۰۱٦ | هەیئەتێکی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاوڕێ گوڵالە شەرەفکەندی بەشداری لە کۆبوونەوەی سوسیالیست ئینتێرناسیۆڵی ژنان لە شاری ژنێڤ،ی سویس کرد. |  |
| ۳۷ | ۲۸ی جوونی ۲۰۱٦ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سمینارێک دا لە واشنگتۆن، پێتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سیاسەت و هەڵویستی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران و ناوچە شی کردەوە. |  |
| ۳۸ | ۲۸ی جوونی ۲۰۱٦ | بەڕیز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەیئەتی هاوڕێی، سەردانی کۆنگرێسمن کیرستن سێنیما kyrsten Sinema کرد و لە نووسینەی بەڕێزیان کۆبوونەوەیەکیان پێک هێنا. لەو دانیشتنە دا، باسێکی تێروتەسەل سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆیی ئێران و هەلوومەرجی کورد لەو وڵاتە دا لە نێوان هەر دوو لا دا کرا. |  |
| ۳۹ | ۳۰ی جوونی ۲۰۱٦ | بەشداری هەیئەتێکی ح د ک لە بریتانیا، کۆڕیادێک بۆ بەرز ڕاگرتنی یاد و بیرەوەری ئێریک ڕێجینالد لوبک ناسراو بە لۆرد ئە ڤبێری دۆستی لە مێژینەی گەلی کورد. |  |
| | | | |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا






سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com





**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی جووڵای ٢٠١٦ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی جووڵای ٢٠١٦ | هەیئەتێکی پلە بەرزی حیزب بە سەرۆکایەتی هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە مەبەستی بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی شۆڕای ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست گەشتووە شاری ژنێڤ،ی پایتەختی سویس. | |
| ٢ | ١ی جووڵای ٢٠١٦ | ووتاری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سۆسیالیست ئەنترناسیونال لە بنکەی سەرەکی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژنێف: ئێمە دەتوانین ببینە دەنگی هەموو ئەوانەی خەبات دەکەن بۆ دەستە بەر کردنی مافەکانیان، ئاشتی، دادپەروەری، دێمۆکراسی و ڕێزگرتن لە ماڤی هەموو ئینسانەکان. |  |
| ٣ | ٢ی جووڵای ٢٠١٦ | کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمینارێکی سیاسی بۆ هاوڕێ مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی حدک ڕێک خست. لەو سمینارە دا نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کوردستانی و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی نێشتەجێی سویس و ئەندام، دۆست و لایانگرانی حیزب تێیدا بەشدار بوو. |   |
| ٤ | ٣ی جووڵای ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی کەرتی ڕێکخستنی زوریخی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری کرد لە سمینارێک دا کە بۆ بەڕێز سەعدی ئەحمەدپیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نێشتمانی کوردستان ڕێکخرابوو. | |
| ٥ | ٤ی جووڵای ٢٠١٦ | بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ دا: ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، دەرفەتێکی دووبارەیە بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بێزاریی خۆتان لە ٤ دەیە تیرۆری سیاسی و کوشتاری ڕۆڵەکانتان بە هۆی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەنەوە. لە لایەکی دیکە هاوپێوەندی و هاودەنگیی خۆتان لە گەڵ ڕێگا و ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە و بەردەوامیتان لە سەر داواکردنی مافە نەتەوەییەکانتان، دووپات بکەنەوە. |  |
| ٦ | ٤ی جووڵای ٢٠١٦ | هەیئەتێکی کومیتەی سویس،ی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر بانگهێشتی فەرمی حیزبی سۆسیالیستی سویس، لە بارەگای سەرەکی ئەو حیزبە لە شاری بێرن کۆبوونەوە. هەیئەتی حدک لە لایەن پێتێر هووگ، بەرپرسی کاروباری دەرەوەی حیزبی سۆسیالیستی سویس پێشوازیان لێکرا. |  |
| ٧ | ٥ی جووڵای ٢٠١٦ | ٦٨٣ هەمین ژمارەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و تایبەت بە پرسەکانی نێو کۆمەڵگە و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com


| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | ٥ی جوولای ٢٠١٦ | بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە دیدارێکی تایبەت دا لەگەڵ بەرنامەی باسی ڕۆژ لە کاناڵی کوردستان ٢٤، تیشکی خستە سەر سیاسەت و ستراتیژ و بۆچوونەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. |  |
| ٩ | ٦ی جوولای ٢٠١٦ | ڕێزدار خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی ڕەمەزان، پیرۆزبایی لە خەڵکی موسوڵمانی کورد کردوە. لەو پەیامەدا کاک خالید عەزیزی هیوای خواستوە کە ئەو بۆنە ئایینە ببێتە هۆی تەبایی‌و یەکگرتوویی زیاتری کوردو، یەکیەتیی هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکان لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کورد دا. |  |
| ١٠ | ٧ی جوولای ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پیرانشار بەبۆنەی هاتنەوەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب و کاک عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی چالاکیی تەبلیغییان کرد. |  |
| ١١ | ٨ی جوولای ٢٠١٦ | ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی شەهیدبوونی کاوە جەوانمەرد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا و سەرکەوت سەمەدی، کادری بەوەجی ئەو حیزبە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکار و هاوسەنگەرانیان دەکاو خۆی بەبەشداری خەمیان دەزانێ. |  |
| ١٢ | ١٠ی جوولای ٢٠١٦ | لە شاری پیرانشار و ئاوایی باغلووجەی بۆکان بەبۆنەی هاتنەوەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر چالاکیی تەبلیغی کرا. لەو چالاکییە تەبلیغییەدا زۆر ناوچە و گەڕەک و شوێنی تایبەت بە وێنەی ڕێبەرانی شەهید و دروشم و تراکتی تەبلیغیی حیزب ڕازانەوە. |  |
| ١٣ | ١٠ی جوولای ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوشاری سنەدا بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، سالرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمر چالاکیی تەبلیغی‌یان کرد و لەگەڵ ئامانجی شەهیدانی ڤییەن پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە. |  |
| ١٤ | ١٠ی جوولای ٢٠١٦ | لە ٢٧ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سمینارێک یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەنی بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو، کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و کاک سمایل شەرەفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دوو باسیان لە پێوەندی لەگەڵ ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر پێشکێش کرد. |  |
| ١٥ | ١١ی جوولای ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە ناوچەی ڕەبەت و مەریوانیش بە چالاکیی تەبلیغی یادی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا. |  |
| ١٦ | ١١ی جوولای ٢٠١٦ | ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی ح د ک بۆ سپاس و پێزانین لە کۆمەلانی خەلکی کوردستان سەبارەت بە مانگرتنەکەی ٢٢ی پووشپەڕی: کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس و پێزانین بۆ سەرجەم کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و ئافەرین گوتن بە چالاکان و هەڵسووڕاوانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات، دەروەستانە لە هەڵوێستی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و پەیامە پیرۆزەکانیان دەڕوانێ. | |
| ١٧ | ١٢ی جوولای ٢٠١٦ | ئەو بانگەوازەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شێوەی چالاکیی تەبلیغیی بەربەرینی لاوان و چۆلکردنی بازاڕ و شەقامەکان لە شارەکانی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر بە باشی وەڵامی درایەوە. |  |
| ١٨ | ١٢ی جوولای ٢٠١٦ | لە درێژەی کار و چالاکییە تەبلیغییەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە شاری پاوەش بە چالاکیی تەبلیغی یادی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا. |  |
| ١٩ | ١٢ی جوولای ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کرماشان، قەسری شیرین، سەرپێلی زەهاو و داڵاهۆ بەبۆنەی هاتنەوەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب و عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی چالاکیی تەبلیغیی بەربەرینیان کرد. |  |
| ٢٠ | ١٢ی جوولای ٢٠١٦ | ئەندامانی شانەی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری شنۆ لە چالاکییەکی تەبلیغی‌دا سروودی شۆڕشگێڕییان لە چەند شوێنێکی شار وەک: پارکی شار، پارکی فەرمانداری، ڕووبەڕووی ناوەندی سپای پاسداران و نیزیک چواڕڕێیانی کارگەر بە کەرەستەکانی دەنگ سروودی شۆڕشگێڕییان بڵاو کردەوە. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| ژ | ڕێکەوت | ڕووداو | وێنە |
|---|---|---|---|
| ٢١ | ١٣ای جوولای ٢٠١٦ | لە ٢٧هەمین ساڵرۆژی تیرۆری ناجوانمێرانەی دکتور قاسملوو، و عەبدوڵا قادری ئازەر، لە لایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە وڵاتی ئوتریش، کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری یەکێتییەکانی ژنان و لاوان لە وڵاتی سوید، خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم باڵوێزخانەی وڵاتی ئوتریش، لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید ڕێکخست. |  |
| ٢٢ | ١٣ای جوولای ٢٠١٦ | لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش و بە هاوکاری و پشتیوانی بەشێکی زۆری هێز و لایەنە سیاسیەکان ی کوردستان،لە ناوەندی شاری ڤییەن، بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندامان، دۆست و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو. |  |
| ٢٣ | ١٣ای جوولای ٢٠١٦ | فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی دەورەی ٢١٧ی سەرەتایی پێشمەرگە لە بناری هەڵگورد ڕێوڕەسمێکی بەبەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی بنکەکانی حیزب لە ناوچە سنوورییەکان گیرا، ئەو پۆلە لە لاوانی کورد پاش تەواوکردنی خولی ڕاهێنانەکان بەڕەسمی لە ڕیزی پێشمەرگەکاندا سازمان دران. |  |
| ٢٤ | ١٤ای جوولای ٢٠١٦ | بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر لە ڕێوڕەسمی " ڕۆژی نیشتمانیی فەڕانسە"دا شاری هەولێر. |  |
| ٢٥ | ١٥ای جوولای ٢٠١٦ | پەیامی هاوخەمیی بەڕێز خالید عەزیزی بۆ فرانسوا هۆلاند لە پێوەندی لەگەڵ هێرشە تێرۆریستییەکەی شاری " نیس"دا: لەلایەن خۆم و هاوڕێیانم لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە لە قووڵایی دڵەوە هاوخەمیتان لەگەڵ دەکەین، هەر وەک هەمیشەش خۆمان بە پشتیوان و هاوخەباتی ئێوە لە شەڕ بە دژی تێرۆریسم دەزانین. |  |
| ٢٦ | ٢١ای جوولای ٢٠١٦ | ٦٨٤هەمین ژمارەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە چەندین بابەت و نووسراوەی سیاسی، یابووری، زانستنی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و بەیاننامە و ڕاگەیێدراوە ڕەسمییەکانی حیزب و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٢٧ | ٢٤ای جوولای ٢٠١٦ | لە لایەن کۆمیتەی ئاڵمان،ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە شاری نۆرێنبێرگ سیمینارێکی بۆ بەڕێز سوڵتان گوڵاوی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئاڵمان و ئاسۆ کرماشانی چالاکی سیاسی و ئەندامی ئەو حیزبە پێک هات. |  |
| ٢٨ | ٢٤ای جوولای ٢٠١٦ | شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستی ئیبراهیم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بە هاوڕێیەتی لقمان موئمینی و ئەحمەد قازی، لە شاری هەولێر لە یازدەهەمین کۆنگرەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان – باکوور دا بەشدارییان کرد. |  |
| ٢٩ | ٢٧ای جوولای ٢٠١٦ | هەیئەتێکی ڕیکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە سەرپەرستیی کاک سەید برایم عەلیزادە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٣٠ | ٣١ای جوولای ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی ڕێکخراوی یاری کورد، هەیئەتێکی کومیتەی نۆروێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاوڕێ ڕزگار حەبیزادە بەرپرسی و کومیتە و هاوڕێیەتی ناسر قادرپوور بەرپرسی پەیوەندییەکان و تێکۆشەری دێرنی ڕیزەکانی حیزب کاک حەسەن ئوستادی، لە کۆنگرەی دووهەمی ڕێکخراوی یاری کورد دا بەشداریان کرد و چەپکە گوڵی پیرۆزبایی کومیتەی حیزبیان پێشکەشی ئەو کۆنگرەیە کرد. |  |
| | | | |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**





| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی کرد و لەلایەن شاندێکی یەکگرتوو بە سەرپەرستیی ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، مامۆستا سەلاحەدین محەممەد بەهائەدینەوە پێشوازیی لێ کرا. |  |
| ٢ | ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سەقز بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ بەبڵاوی کردنەوەی تراکت و وێنەی شەهیدانی رێبەر بەرەوپیلی ساڵیادی دامەزرانی حیزبە خۆشەویستەکەیانەوە چوون. |  |
| ٣ | ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | لەسێدارەدانی جیابیرانی سیاسی و مەزهەبی مەحکووم دەکەین: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەوەیکە وەک هەمیشە سزای لە سێدارەدانی جیابیرانی سیاسی و مەزهەبی لە ژێر هەر ناو پاساوێکدا بێ، مەحکووم دەکات، | |
| ۴ | ٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٨٥ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو کرایەوە. لەو ژمارە نوێیەی کوردستان دا، چەندین بابەت و وتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان، بەیاننامە و ڕاگەیەندراوە ڕەسمییەکانی حیزب . |  |
| ۵ | ٢ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | کەسایەتی ناسراوی شاری بانە و پشتیوانی هەمیشەیی بزووتنەوەی گەلەکەمان و حیزبی دیموکراتی کوردستان " کاک حاجی ڕەووف کەریمی، لە تەمەنی ٨٣ ساڵی دا و بە هۆی نەخۆشی لە شاری ئوپسالا،ی وڵاتی سوید ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەمان کرد. |  |
| ۶ | ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حدک لە پێشوازی هاتنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، چالاکیی بە بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکت و دروشمی تەبلیغیی حیزب یاد و بیرەوەریی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکڕات بەرز ڕاگیراوە و بەرەو پیلی ئەو ڕۆژە مێژوویییە لە مێژووی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران چوون. |  |
| ٧ | ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی ڕەسمی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی سوریە، محەممەدی فەقێ عەلی بەشی پەیوەندیە کوردستانیەکان لە کۆمیتەی ئوتریش،ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەشداری سیمینارێکی سیاسی دوکتۆر عەبدول حەکیم بەشار ئەندامی دەفتەری سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی سوریەی کرد. |  |
| ٨ | ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی نهێنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری مەهاباد بەبۆنەی هاتنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهید، تراکت و دروشمی تەبلیغیی حیزب ڕێزیان لە مێژووی دوور و درێژی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەی کورد لە ئێران گرت. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ٩ ساڵە دەسبەکار بوونی تەلەڤیزیۆنی " کورد کاناڵ" ڕێورەسمێکی بەشداریی دەیان کەس لە کارگێرانی کورد کاناڵ گیرا، ڕێز لە تێکۆشانی ٩ ساڵەی کورد کاناڵ و ستاف و بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو میدیایەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گیرا بەڕێوە برد. |  |
| ١٠ | ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | کۆبوونەوەی بەڕێز خالید عەزیزی لە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان. کە بە مەبەستی تاوتوێی حزووری زیاتر و بەرەوپێشچوونی ژنان لە نێو حیزب دا پێکهاتبوو، |  |
| ١١ | ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێورەسمێکی پرسە و سەرەخۆشی بەبۆنەی کۆچی دوایی حاجی ڕەئووف کەریمی، تێکۆشەر و دڵسۆزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، |  |
| ١٢ | ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک عومەر ئیلخانیزادە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١٣ | ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مەهاباد پێشوازی هاتنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ، لە ١٩ ئاوایی ناوچەکانی شامات، شاروێران و مەحالی مەهاباد بە بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکت و دروشمی تەبلیغیی حیزب یاد و بیرەوەریی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکڕات بەرز ڕاگیرا. |  |
| ١٤ | ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | دیمانە تایبەت ڕۆژنامە گوڵان: بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای ناوچەکە و سوودوەرگرتن لەو دەرفەتەی بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، لەگەڵ خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان، بیروبۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەروو. |  |
| ١٥ | ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات سمینارێکی بۆ کاک سمایل شەرەفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێک هێنا. |  |
| ١٦ | ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ئەندامانی حیزب لە دوو شاری مەریوان و دیواندەرەش بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهید، دروشم و تراکتی تەبلیغی لەگەڵ دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەیمانی وەفا نوێ کراوەتەوە و ڕوو بە کۆماری ئیسلامیی ئێران گوتراوە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر وەک هەمیشە حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. |  |
| ١٧ | ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی بەهمەن حوسێن، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەو حیزبە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن شاندی حیزب بە سەرپەرەستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١٨ | ١١ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | پەیامی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حدک بە بۆنەی ١٢ی ئاگۆست ڕۆژی جیهانی لاوان: هیوادارم لاوان وەک داینەمۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و هیوای دوارۆژی نەتەوەکەمان، ببنە هۆی ئاشتەوایی نیوان لایەنە سیاسییەکان و هەروەها ببنە ئاسۆی گەیشتنی کوردان بە ئاواتە دێرینەکەی نەتەوەی کورد واتا رزگاریی نەتەوەیی. |  |
| ١٩ | ١١ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | پەیامی یەکیەتیی لاوان بە بۆنەی ١٢ی ئاگۆست ڕۆژی جیهانی لاوان: بە بۆنەی ١٢ی ئاگۆست ڕۆژی جیهانی لاوان، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی بە لاوانی کورد و ڕۆژهەڵات دەڵیین و لاوانی کورد دڵنیا دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانی کورد لە خەبات بەردەوام دەبین. |  |
| ٢٠ | ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | بە ئامادە بوونی کۆمەڵێکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان، کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی سوید و خزم و کەس و بنەماڵەی کەسایەتی ناسراو و شۆڕشگێڕی گەلەکەمان کاک حاجی ڕەووف کەریمی، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٢ئاگووستی ٢٠١٦ زایینی لە شاری ئوپسالای وڵاتی سوید بەڕێوە چوو. |  |
| ٢١ | ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانیی لاوان و کۆتایی خولی پەروەردەی کادری سیاسی و نیزامیی لاوان لە بەرزاییەکانی هەڵگورد. ڕێورەسمێک بە بەشداریی ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان و ئەندامانی بەشدار لە خولەکانی کادری سیاسی و پەروەردەی نیزامی بەڕیوەچوو، |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢ | ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | چالاکان و هەڵسووڕاوانی سەر بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی هەوشار بە شێوەیەکی بەربڵاو و کەم وێنە لە زۆرێک لە ئاواییەکانی سەر بە شاری سایێنقەڵای ناوچەی هەوشار بە بۆنەی سالڕۆژی دامەزرانی حیزبەوە چالاکیی تەبلیغییان نواند. |  |
| ٢٣ | ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێشوازیی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان فستیڤاڵێکی لە ژێر ناوی "٢٥ی گەلاوێژ، وێنایەکی پڕ هیوا بۆ دواڕۆژی منداڵان" بەبەشداریی دەیان منداڵ لە دوو بەشی بەیانی و دوانیوەڕۆدا کۆمەڵێک چالاکیی وەرزشی و چەند بڕگەی هونەریشیان بەڕێوە برد. |  |
| ٢٤ | ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | فێستیڤاڵی کلتوری گەلان، لەلایەن ٨ ڕێکخراو لە شاری ئۆرێبروو کە بریتی بوون لە یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی کوردی، ڕەوەندی کوردی، سێنتەری زمان و کلتوری کوردی، ڕێکخراوی ئەمریکای لاتین، ڕێکخراوی سۆماڵی، ڕێکخراوی بروندی، گۆرانی سوئێدی و گۆرانی عەربی، لە ژێر ناوی دونیا لە ئۆرێبروو پێک هات. |  |
| ٢٥ | ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بانە، نەغەدە و پیرانشار بەبۆنەی هاتنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان کرد و بەرەو پیلی ئەو ڕۆژە مێژووییە لە مێژووی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران چوون. |  |
| ٢٦ | ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی پێشکێش کرد و پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مێژووییەی لە خەڵکی کوردستان کرد. |  |
| ٢٧ | ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەقز بەبۆنەی٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکت و دروشمی تەبلیغیی حیزب یاد و بیرەوەریی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات بەرز ڕاگیرا و لەگەڵ ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات پەیمانی وەفا نوێ کرایەوە. |  |
| ٢٨ | ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کورستان لە شارەکانی کرماشان، ئیلام و سنە، بەبۆنەی هاتنەوەی سالڕۆژی دامەزرانی حیزبە خۆشەویستەکەیان بە چالاکیی تەبلیغی ڕێزیان لە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەیان گرتوە و لەگەڵ ئامانجەکانی حیزب پەیمانی وەفایان نوێ کردۆتەوە. |  |
| ٢٩ | ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری بۆکان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهید، تراکت و نووسینی دروشمی حیزبی ڕێز لە ٧١ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرت. |  |
| ٣٠ | ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | پەیامی هاوبەشی یەکێتی ژنان و لاوانی دیموکرات بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ: ئەمڕۆ لە گەلاوێژێکی جیاوازدا، یادەوەری بۆنەیەکی مێژوویی دەکەینەوە کە بوو بە کانگای ناسیۆنالیزمی کوردی و لە هەناوی ویدا ئەرتەش و سروود و ئاڵا و دەوڵەتی کوردی لەدایکبوون. |  |
| ٣١ | ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەندامانی حدک لە ناوچەی شنۆ چالاکیی بەرینی تەبلیغی لە چەند گەڕەکی شاری شنۆ و ٥١ ی گوندی ئەو شارە کراوە، بە سەدان وێنەی ڕێبەرانی شەهید، تراکت و پوستێری تەبلیغیی حیزب بەو بۆنەیە بڵاو کرانەوە |  |
| ٣٢ | ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کاک هەمزە ئیلخانیزادە، برای پێشمەرگەی دێرین فەتاح ئیلخانیزادە، ئەندامی ڕێبەریی حدک لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، نوێنەرانی دامودەزگا ئیداری و حکومییەکانی شاری کۆیە بەڕێوەچوو، |   |
| ٣٣ | ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستانیان لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن شاندی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حیزب بە سەرپەرستیی کەماڵ شاکر، سکرتێری ئەو حیزبە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٣٤ | ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | لە دێوڵان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ چالاکییە تەبلیغییانەدا بە کردنەوەی ئاگر لە بەرزاییەکان بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات، وێنەی پێشمەرگە و تراکت و نووسینی دروشمی تەبلیغی لە سەر دیوار و تابڵۆکان یاد و بیرەوەریی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیراوە. | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۳۵ | ١٩ای ئاگۆستی ٢٠١٦ | بەبەشداریی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکڕات و بە گشتی کوردانی دانیشتووی وڵاتی فینلاند، یادی ٧١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری تورکو لە وڵاتی فینلاند، بەڕێوە چوو. |  |
| ۳۶ | ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ بە هاوکاری یەکیتیەکانی ژنان، لاوانی دێموکرات و کۆمەڵەی کولتووری ٧١مین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان جیژن گرت. |  |
| ۳۷ | ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان یادی ٧١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەشداریی سەدان ئەندامی حیزب، نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و کەسایەتییەکانی میوان ڕێز لە یادی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات و مێژووی پڕ لە شانازیی خەباتی ئەو حیزبە گیرا. |  |
| ۳۸ | ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | وەفدێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە بە سەرپەرەستیی ئیبراهیم برۆ، سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە، سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کرد و لە لایەن شاندێکی حیزب بە سەرپەرەستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا. |  |
| ۳۹ | ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٨٦، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو کرایەوە. لەو ژمارە نوێیەی کوردستان دا کە تایبەتە بە یادی ٧١ساڵەی دامەزرانی حیزبمانەوە، چەندین بابەتی سیاسی، وتار و نووسین و وتووێژی تایبەت بەو یادە و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی ولات بەرچاو دەکەون. |  |
| ۴۰ | ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی لقی ٧ی ئەمریکا و کانادا،ی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەیئەتێکی کومیتەی واشنگتۆنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەشداری ڕێورەسمی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی ئەو پارتەیان کرد. |  |
| ۴۱ | ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | لە ڕێورەسمێکدا لە فێرگەی سیاسی - نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەکۆتایی هاتنی دەورەی ٢١٨ی فێرگەی سیاسی - نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، پۆلێکی دیکە لە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕەسمی هاتنە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە. |  |
| ۴۲ | ٢٧ی ئاگوستی ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی لقی سویدی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییەکانی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، بە سەرپەرستی هاوڕێ حەمەدەمین ڕەشیدی بەرپرسی پەیوەندییەکان و هاوڕێیەتی کاک محەممەد ئیسماعیلی و کاک عومەر ئەمینی، لە ڕێوڕەسمی یادی ٧٠ سالەی دامەرزانی پارتی دیموکراتی کوردستان دا کە لە شاری ستۆکهۆڵم ڕێکخرابوو بەشدار بوون. |  |
| ۴۳ | ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | ڕۆژنامەی ئاوێنە لە تازەترین ژمارەی خۆیدا وتووێژێکی لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێک هێناوە و ڕای بەڕێزیانی لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکان لە کوردستان و ئێران پرسیوە. |  |
| ۴۴ | ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی ئۆسفۆڵدی نۆروێژ، هەیئەتێکی کومیتەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سەرپەرستی بەڕێز شەعبان، بۆ باس و خواس سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای کوردستان و ڕیخۆشکردن بۆ هاوکاری زیاتری نێوان دوو لایەن، لە شاری فرێدریکستادی وڵاتی نۆرویژ کۆبوونە. |  |
| ۴۵ | ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٦ | هەیئەتێکی کۆنسولخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەولێر بە سەرپەرستیی "جیفری مەیزر"، جێگریی سیاسیی سەرکونسولی ئەمریکا لە هەولێر بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لەلایەن هەیئەتیکی ڕێبەریی حیزب بەسەرپەرستیی کاک خالید عزیزی، سکرتیری گشتی حیزبەوە پێشوازیی لی کرا. |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com





**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | مانگی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | هەیئەتێکی کۆنسولخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەولێر بە سەرپەرستیی "جیفری مەیزر"، جێگریی سیاسیی سەرکونسولی ئەمریکا لە هەولێر بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لەلایەن هەیئەتیکی ڕێبەریی حیزب بەسەرپەرستیی بەڕێز خالید عزیزی، سکرتیری گشتی حیزبەوە پێشوازیی لی کرا. |  |
| ٢ | ١ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حدک لە شاری دیواندەرە بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی ٧١ ساڵەی حیزب، بە شێوەی نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی شەهیدانی ڕێبەر، پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندیدا،ڕێز لە یاد و بیرەوەریی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مێژووی دەیان ساڵەی خەباتی ئەو حیزبە گیراوە. |  |
| ٣ | ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | ٦٨٧هەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە جەندین بابەت و وتاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، لێکدانەوە و شرۆڤەی بارودۆخی سیاسی کوردستان، ناوچەکە و جیهان، هەواڵی ئەدەبی و هۆنەری و هەواڵی کاروچاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوە ئاشکرا و نهێنییەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی ولات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٤ | ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ زیتۆ سیانی، بەرپرسی دێسکی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر کۆبۆوە. لەم دیدارەدا پێشەوا عەلی پوور تیشکی خستە سەر پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران بەتایبەت لە کوردستان و هەروەها کەیسی ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی و هەموو ئەو ئەوانەی کەلەسەر جیاوازیی ئایین ئێعدام کراون. | <br> |
| ٥ | ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | بە هۆی تەقینەوەی تەڵەی ئینفیجاری، بە داخێکی گرانەوە، دوو پێشمەرگەی بەوەج و لێهاتوو بە ناوەکانی ئازاد ئاڵی خەڵکی گوندی "دۆڵەگەرم"ی سەردەشت و ئەمیر قادریان ناسراو بە ئەمیر نەستانی خەڵکی نەستانی ناوچەی ڕەبەت، گیانیان لە دەست دا و چوونە ڕیزی کاروانی سەربەرزی شەهیدان. |  |
| ٦ | ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | بە بەشداریی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب و زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، لە نیزیکەوە لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی تازەی حیزب هاوخەمی کرا و یاد و بیرەوەریی ئەو شەهیدانە بەرز ڕاگیرا. |  |
| ٧ | ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | هەیئەتێکی پارتی یەکیەتیی کوردی سووریە بە سەرپەرستیی هەڤاڵ حەسەن ساڵح، جێگری سکرتێری ئەم حیزبە سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | بەڕێز قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ تۆڕی میدیایی ڕووداودا: تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات مافی بێ ئەملاو لای خویانە لە نێو خەڵک و نیشتمانی خۆیاندا حزووریان هەبێ. |  |
| ٩ | ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوانیوە لە ماڵی شەهید ئەمیر نستانی بەڕێوەچوو، بە سەدان کەس لە خەڵکی بە ئەمەگ و حیزب خۆشەویستی خەڵکی دەڤەری ڕاپەڕین بەشداریی پرسەکەیان کرد و لە نیزکەوە هاوخەمیی خۆیان بە بنەماڵە و کەسوکاری شەهید ئەمیر نستانی و ئازاد ئاڵی و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕاگەیاند. |  |
| ١٠ | ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ڕێز گرتن و بەرز ڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی شەهیدانی نوێی حیزب، کۆڕێکی ماتەمینی بە بەشداری ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی و کوردانی دانیشتووی وڵاتی دانمارک بە ڕێوە برد. |  |
| ١١ | ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ١٦ خەرمانان، شەهیدان ئازادی ئالی و ئەمیر قادری( نستانی) ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی حیزبلە شاری لیلسترۆمی نۆروێژ بەڕێوە چوو. |  |
| ١٢ | ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی قوربان: بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی قوربان، پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە خەڵکی کوردستان، بە تایبەت خوشک و برا موسوڵمانەکان دەکەم و هیوادارم جێژنی قوربان و هەموو بۆنە ئاینییەکانی دیکە لە کوردستان، هاندەری ڕوحی ئاشتی و تەبایی لە نێو ئێمەدا بن. |  |
| ١٣ | ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ورمێ و مەهاباد لە بەرەبەری ٢٦ی خەرمانان، ساڵرۆژی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی چالاکیی تەبلیغییان کرد. |  |
| ١٤ | ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | ڕێزدار خالید عەزیزی، سکرتێریی گشتیی حیزبی دێموکرات بەمەبەستی ئاگاداربوون لە تێکۆشان و کار و بەرنامەی ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان بۆ داهاتووی کاری ئەو ڕێکخراوانە لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەو دوو ڕێکخراوەیە کۆبۆوە. |  |
| ١٥ | ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی پارتی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ، هەیئەتێکی کومیتەی نۆروێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان،ناسر قادرپوور بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب و خاتوو نەمام زرین فام ئەندامی دەستەی بەڕێوەری یەکێتی ژنان، لە پارلەمانی ئەو ولاتە لەگەڵ بەڕێز " هەیکی هەلمۆس" نوێنەری ئەو حیزبە کۆبوونەوە. |  |
| ١٦ | ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | بەڕێز دوکتور مەحمود عوسمان، کەسایەتیی سیاسیی کوردی باشووری کوردستان سەردانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد. دوولایەن لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکانی کوردستان و ناوچە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. |  |
| ١٧ | ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | ڕوونکردنەوە لە بارەی : زنجیرەیەک کردەوەی گرتنو ڕفاندنی چەند پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە(" پارتی ئازادیی کوردستان") : ئێمە چاوەڕوانی ئیقدامو بە دواداچوونی دامەزراوە پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان دەمێنینەوە. هیوادارین بە هەوڵی دڵسۆزانەو بەرپرسانەی هەموو لایەک، ڕێ لە دووپاتبوونەوەی کردەوەی هەڵنەسەنگێندراوو زیانباری لەم چەشنە بگیرێو ئەم جۆرە کردەوانە وڵامی سیاسیو یاسایی شیاوی خۆیان وەربگرنەوە | |
| ١٨ | ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ساڵرۆژی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هاوڕێیانی لە برلین بە دەستی تێرۆرسیتەکانی کۆماری ئیسلامی، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات وبە بەشداریی سەدان کەس لە کادر وپێشمەرگەکانی حدک سمینارێکی پێکهێنا. |  |
| ١٩ | ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | لە دوو شاری ئەیوان و جوانرۆ لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان بەبۆنەی ٢٤ەمین ساڵرۆژی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە چالاکیی تەبلیغی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزب، بە تایبەت شەهیدانی میکونوس بەرز ڕاگیرا. |  |
| ٢٠ | ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | کۆمەڵێک لە لاوانی یارسان لە سەرپێلی زەهاو بۆ بەرزڕاگرتنی ساڵیادی تێرۆری میکونوس و شەهیدبوونی شەهیدان دوکتور شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی و هۆمایون ئەردەلان. کۆمەڵە دروشم و پلاکاردێک لە بەرزاییەکانی ئەو شارە هەڵواسران.چالاکیی تەبلیغییان کرد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | ١٦ای سێپتەمبری ٢٠١٦ | لە ساڵیادی تیرۆری د.شەرفکەندیی و هاوڕێیانی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان لە شاری پیرانشار و چەند گوندی دەوروبەری ئەو شارە چالاکیی بەبلیغییان کرد. |  |
| ٢٢ | ١٧ای سێپتەمبەری ٢٠١٦ | هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ولاتی نۆروێژ، پێکهاتوو لە هاوڕێیان ناسر قادرپوور بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب و کاک ئیدریس ئاب هاوکاری بەشی پەیوەندییەکان، لە لایەن پارتی سورەوە پێشوازیان لێکرا. | |
| ٢٣ | ١٧ای سێپتەمبەری ٢٠١٦ | کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاڵمان، لە ٢٤هەمین ساڵیادی شەهیدانی ڕێستۆرانی میکۆنۆس لە لایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕژیمی تێرۆریستی ئیسلامی ئێرانەوە، بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان و دۆستانی حیزب، بە بەڕێوەبردنی ئاکسیۆنێک لە بەر دەم مۆنۆمێنتی شەهیدان لە شاری برلین کۆبوونەوە. |  |
| ٢٤ | ١٧ای سێپتەمبەری ٢٠١٦ | لە دوو شاری دێهلوراِن و ئەیوانی ڕۆژاوا لە پارێزگای ئیلام بەبۆنەی ساڵرۆژی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە چالاکیی تەبلیغی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزب، بە تایبەت شەهیدانی میکونوس بەرز ڕاگیرا. |  |
| ٢٥ | ١٨ای سێپتەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پاوە و کرماشان بەبۆنەی ساڵیادی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی بە چالاکیی تەبلیغیی لە نێو شاری پاوە کۆمەڵێک لە گەڕەک و شوێنی ئەم شارەیان بە وێنەی ڕێبەرانی شەهید، دروشم و تراکتی حیزبی ڕازاندۆتەوە. |  |
| ٢٦ | ١٨ای سێپتەمبەری ٢٠١٦ | پێزانین و سوپاسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان: سوپاسی گەرمی خۆی پێشکەشیان دەکا و بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە، دەڕوانێتە تێکۆشان و هەڵوێستی بوێرانە و نیشتمانپەروەرانەیان. بە دڵنیاییەوە ئەم هاوپیوەندی و پشتیوانییەتان ئێمە لە درێژەدانی ئەرکەکانمان شێلگیرتر دەکا. | |
| ٢٧ | ١٨ای سێپتەمبەری ٢٠١٦ | کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد لە شاری لینشۆپینگ کۆڕیادێکیان بۆ یادی ٢٤ ساڵەی شەهیدانی بێرلین، شەهید دوکتور سەعید شەرەفکەندی و کاک فەتاح عەبدوولی و کاک همایون ئەردەڵان و ئاغای نووری دێهکوردی و هەروەها شەهیانی نوێی حدک شەهید ئازاد ئاڵی و شەهید ئەمیر نستانی پێکهێنا. |  |
| ٢٨ | ١٨ای سێپتەمبەری ٢٠١٦ | کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی لیبرال دیموکراتی بریتانیا لە شاری برایتۆن،ی دەستی بە کارەکانی کرد. لە سەر بانگهێشتی فەرمی ئەو پارتە و بۆ جاری یەکەم بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەشداری ئەو کۆنفرانسە بوو. |  |
| ٢٩ | ١٨ای سێپتەمبەری ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی ڕەسمی ڕێکخراوی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە ئوتریش، محەممەدی فەقێ عەلی بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی کۆمیتەی حدک لە ئوتریش بەشداری سیمیناری یادی ٥٥ ساڵەی شۆڕشی ئەیلولی کرد. |  |
| ٣٠ | ١٨ای سێپتەمبەری ٢٠١٦ | کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئەمریکا کۆڕیادێکیان بۆ یادی ٢٤ ساڵەی شەهیدانی بێرلین، شەهیدی سەرکردە دوکتور سەعید شەرەفکەندی و کاک فەتاح عەبدوولی و کاک هومایون ئەردەڵان و هەروەها شەهیدانی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهیدان کاک ئازاد ئاڵی و کاک ئەمیر نستانی پێکهێنا. |  |
| ٣١ | ١٩ای سێپتەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە جوانڕۆ بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ساڵیادی تێرۆری دوکتور شەرفکەندی و هاوڕێیانی بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهید، دروشم و تراکتی حیزبی یاد و بیروەریی شەهیدانی برلینیان بەرز ڕاگرت چالاکیی تەبلیغییان کرد. |  |
| ٣٢ | ١٩ای سێپتەمبری ٢٠١٦ | نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێز مەولوود سوارە لە وڵاتی بریتانیا، لە ئێوارەخوانی پارتی لێبرال دیموکراتی بریتانیا توانی زنجیرەیەک چاوپێکەوتن و دیدار لەگەڵ کەسایەتی و باڵوێز و سەرۆکی حیزب و ڕێکخراوە جیهانییە بەشدارەکان پێک بێنێ. |  |
| ٣٣ | ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | ٦٨٨هەمین ژمارەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری، بەیاننامە و ڕاگەیێندراوە ڕەسمییەکانی حیزب و هەواڵی کاروچالاکییەکانی ئۆرگان، ڕێکخراو و کومیتەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوە دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٣٤ | ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەلاتی کوردستان بە سەرپەرستی پێشەوا عەلیپوور،بە هاوریەتی جیهان بیتۆشی وژینۆ ئیبراهیمی پێشوازیی کرد لە شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد .بە سەرپەرەستی بەڕێز جەلال رەوانگەرد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com


| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥ | ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | لە سەر بانگێهشتی نوێنەرایەتی H.D.P لە هەرێمی کوردستان، نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، پێکهاتوو لە هاوڕێیان ئیبراهیم زێوەیی و حسن کاکیلی لە کۆبوونەوەی H.D.P بەشدارییان کرد. |  |
| ٣٦ | ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | تێکۆشەرانی سەربە تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری تیکابی ناوچەی هەوشار، بەچالاکیی تەبلیغی ڕێزیان لە ڕێبەری شەهید، دوکتور سادق شەرەفکەندی گرت. |  |
| ٣٧ | ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتییەکانی ژنان و لاوان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری شەهیدانی میکۆنۆس و هەروەها ٢ شەهیدی نوێی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان، شەهیدانی ئەمیر نەستانی و ئازاد ئاڵی، لە شاری بیل،ی وڵاتی سویس، سمینارێکی بۆ بەڕێز مامۆستا عەبدووڵا حەسەنزادە، تێکۆشەری دێرینی حیزب و سیاسەتوان و ئەدیبی بەناوبانگی گەلەکەمان پێک هێنا. |  |
| ٣٨ | ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | لە ڕێورەسمیکی شیاودا و بە ئامادەبوونی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکرات ڕێورەسمێک بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نەستانی لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. |  |
| ٣٩ | ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە پێی بڕیاری پەیڕەوی ناوخۆی ئەو یەکیەتییە کە هەر سێ مانگ جارێک، بە بەشداری ئەندامانی ئەسڵی و ، ئەندامانی جێگریی بەڕێوەبەریی و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی لە کوردستان، کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پێک هێنا. |  |
| ٤٠ | ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | لە درێژە کاروچالاکییە دیپلۆماسییەکانی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا، ئەمساڵیش وەک هەموو ساڵانی ڕابردوو و لە سەر بانگهێشتی فەرمی پارتی کرێکارانی بریتانیا " لیبەر پارتی" لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاوڕێ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لەو وڵاتە، بەشداری لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاران کرد. |  |
| ٤١ | ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ کە پێکهاتوو لە هاوڕێیان ناسر قادرپوور بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لە نۆروێژ و کاک کەریم ئەڵاوەیسی هاوکاری بەشی پەیوەندییەکان، سەردانی پارلەمانی ئەو وڵاتەیان کرد و لەلایەن بەڕێز "بۆر وێگار" ئەندامی پارلەمانی حیزبی چەپ بە گەرمی پێشوازیان لێکرا. |  |
| ٤٢ | ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | لە سەر بانگهێشتی گرووپی پارلەمانتارانی داکۆکی کاری دۆزی کورد لە پارلەمانی سویس، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە سەرپەرستی هاوڕێ زاهید شاعیری و هاوڕێیەتی مامۆستا عەزیز ئەحمەدی و کاک ڕەحمەت ئیبراهیمیان لە سیمنارێک دا کە لە پارلەمانی ئەو وڵاتە بۆ بەڕێز دکتور یوسف محەممەد، سەرۆکی پارلەمانی باشووری کوردستان ڕێکخرابوو بەشدارییان کرد. |  |
| ٤٣ | ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | بەڕێوەبەرایەتی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و کتێبخانەی گشتیی شاری سۆران لەبناری شاخی کۆڕەک دیدارێکی دوو ڕۆژەیان سەبارت بە هزری نەتەوەیی بە بەشداریی چالاکان و نووسەرانی هەرچوار پارچەی کوردستان یەک لەوان بەڕێز قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەڕێوەبرد. |  |
| ٤٤ | ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٦ | گۆڤاری "ژنان "ژمارە ٤٤ چاپ و بڵاوکرایەوە. گۆڤاری ژنان گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدبیە کە لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. |  |
| | | | |



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

| لاپەڕەی : ۱ | | مانگی ئۆکتۆبەری ۲۰۱٦ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ۱ | ۳ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱٦ | بەڕێز قادر ئەندامیی دەفتەری سیاسی حدک لە وتووێژێکدا لە گەڵ ماڵپەڕی کوردانە هەواڵی کشانەوەی هێزەکانی لەسەرسنوور ڕەت کردەوە،و دەڵێت: هەمووکات پێوەندیی وڵاتانی دەراوسێ ئەگەر لە ڕاستای سەرکوتی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی کورد نەبێ بەلامانەوە شتێکی ئاساییە هەربۆیە پێوەندیی هەریمی کوردستان وکۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەم چوارچێوەدا دەبینین. |  |
| ۲ | ٦ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱٦ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٨٩ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو کرایەوە. لەو ژمارە نوێیەی کوردستان دا، چەندین بابەت و وتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان، بەیاننامە و ڕاگەیەندراوە ڕەسمییەکانی حیزب . |  |
| ۳ | ٨ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱٦ | نوێترین تاوانی سوپای پاسداران لە دژی ڕۆڵەکانی گەلی کورد: قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێک دا بۆ باسنیوز، وێڕای مەحکوومکردنی نوێترین پیلانگێڕی و تاوانی کۆماری ئیسلامی بۆ شەهیدکردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە پارێزگەی کرماشان، لەلایەن حیزبەکەیەوە هاودەردیی لە گەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە ڕاگەیاند. و بە خەسارێکی میللەتەکەمانی لەقەڵەم دەدەین.” |  |
| ۴ | ٩ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱٦ | پرسە و سەرەخۆشی ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسی حدک : دادە گوڵێ جیا لەوەی کە خۆی وەک ئەندامێکی لە مێژینە هەم لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا خزمەتی دەکرد و هەم ئەندامێکی چالاکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو، دایکی دوو شەهید بە ناوەکانی شەهیدان نەجمەدین حوسێنی و ناسر حوسێنی و خێزانی خوا لێخۆشبوو سەید فەتاح حوسێنی بوو. |   |
| ۵ | ٩ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱٦ | ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە کۆچی دوایی شێخ سەید تەها کەماڵی زادە حسینی نەقشبەندی، سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و سەرجەم پێرەوانی تەریقەتی نقشبەندی دەکا و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێ. |  |
| ٦ | ١٢ای ئۆکتۆبەری ۲۰۱٦ | هونەرمەند و لێکۆڵەری خوشناو و خاوەن سەبکی کورد، سیرووس مەعرووفی کۆچی دوایی کرد: ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وێرای پرسەوسەرەخۆشی لە بنەماڵەو سەرجەم کەسوکاری ئەو ئازیزە، خۆی بە شەریک و بەشدار لە خەمیان دەزانێ. |  |
| ٧ | ١٧ای ئۆکتۆبەری ۲۰۱٦ | بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی خۆی پێشکەش بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد: بە بۆنەی هەڵبژێرانتان بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم وهاوڕێیانم لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانتان پێشکەش دەکەم. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | ١٨ای ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ | لە ژێر دروشمی "بەرەو پێکهێنانی ڕێکخستنێکی گونجاو لە گەڵ ڕۆڵی شوێندانەرانەی حیزب لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا"، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان سمینارێکی تەشکیلاتی بەڕێوە چوو. |  |
| ٩ | ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ | لە ڕێورەسمێکدا جێژنی کۆتایی دەورەی ٢١٩ی پێشمەرگایەتی دا کە لە بنکەی سەرەکیی حیزب بەڕێوەچوو پولێک لە لاوانی بەهەستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوست بوون بە ڕیزەکانی ئاشکرای حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و، دەورەی سەرەتایی پێشمەرگایەتییان سەرکەوتووانە تێپەڕ کرد. |  |
| ١٠ | ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩٠، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو کرایەوە. لەو ژمارە نوێیەی کوردستان دا، چەندین بابەت و وتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان، بەیاننامە و ڕاگەیەندراوە ڕەسمییەکانی حیزب . |  |
| ١١ | ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ | بە بۆنەی کۆتایی هاتنی پلنۆمی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەیەک بۆ بەڕێز خالێدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی بە بەشداریی کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بەڕێوەچوو. باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە پلنیۆمی چوارەمی ئەم حیزبە پێشکەش کرد. |  |
| ١٢ | ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ | شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی حدکا لە دەوروبەری شاری مۆسڵ: ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پێشکەش کردنی پرسەو سەرەخۆشی ، هاوخەمی خۆی لە گەڵ سەرجەم بنەماڵەکەی و خۆشکە گوڵاڵە محەممەدزادە دەردەبڕێ و خۆی بە هاوخەمی خەمیان دەزانێ. |  |
| ١٣ | ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ | کۆچی دوایی مامۆستا هێدی، شاعیرێکی ناسک خەیاڵ و تێکۆشەر: ناوەندی ڕاگەیاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆی، پرسەو سەرەخۆشی لە کۆمەڵگەی ئەدەبدۆستانی و بنەماڵەی مامۆستا هێدی نەمر، بەتایبەتی کاک ناسر حیسامی دەکا، خۆی بە بەشدارو شەریکی خەمیان دەزانێ. |  |
| ١۴ | ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ | ڕێزدار خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانی حیزب لە هەولێر و دەوروبەری بەڕێوەبرد کە لە لایەن تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبەوە ڕێکخرابوو. |  |
| ١۵ | ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ | دوکتور فرێدریک تیسۆ پزیشک و دیپلۆماتی فەرانسەویی سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کردو لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبەوە، بە گەرمیی پێشوازی لێکرا. شایانی باسە، لەسەر داوای بەڕێز دوکتور تیسۆ، شاندێکی ڕێبەریی حدکا بە سەرپەرشتی بەڕێز حەسەن شەڕەفی، لەو دیدار و کۆبوونەوەیەدا بەشدارییان کردبوو. | <br> |
| | | | |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا

https://serchawe.com




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی کاک جەلیل گادانی، و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کەسایەتیی سیاسیی کوردستانی و بیانی و کۆنسوولی وڵاتان بەشدارییان.لە سمینارێکدا کرد کە لە ئەنستیتۆی فەرانسە لە هەولێر بۆ دوکتور فردریک تیسۆ پێک هاتبوو. |  |
| ٢ | ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩١، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو کرایەوە. لەو ژمارە نوێیەی کوردستان دا، چەندین بابەت و وتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان، بەیاننامە و ڕاگەیەندراوە ڕەسمییەکانی حیزب. |  |
| ٣ | ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | بەڕێز خالید حەسەنپوور ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداریی لە کۆبوونەوی ٨ لایەنی سیاسی کورد و ئێرانی لە شاری پاریس کرد. کۆبوونەوەکە کە بەمەبەستی تاوتوێکردنی بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستان و پرسی یەکیەتی لەناو ئۆپۆزیسیون پێکهاتبوو، |  |
| ٤ | ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان: بە بۆنەی دەسبەسەرکردنی نوێنەرانی هەدەپە لە پارلمانی تورکیە: هیواداریین دەوڵەتی تورکیە بە ئازادکردنی نوێنەرانی هەدەپەو کارکردن بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە، دەرفەتێکی دیکە بۆ دەسپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لەم وڵاتەدا بڕەخسێنێ. | HDP |
| ٥ | ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست سەردانی بنکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەی کردو لەلایەن بەڕێز لویس ئەیالا سکرتێری ئێس ئای،ەوە پێشوازی لێکرا. |  |
| ٦ | ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | لەبەرەبەری مانگی سەرماوەز و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە گوندی سەهۆڵانی مەهاباد. لاوان و دۆستانی حیزب لە گوندی سەهۆڵان بە هەڵگرتنی تراکت و دروشمی پێوەندیدار یاد و ناوی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرزڕاگرت و لەگەڵ شەهیدانی حیزب وگەڵ پەیمانی وەفایان نوێی کردەوە. |  |
| ٧ | ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | بەڕێز کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە پرسی سکرتێری و هەواڵی دەست لەکار کشانەوەی خالید عەزیزی سکرتێری حدک لە وتووێژێکدا بە دەنگی ئەمریکای ڕاگەیاند؛ کاک خالید عەزیزی جەخت دەکاتە لەسەر پێویستی پێکهێنانی ئاڵوگۆری حیزبی و بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری دەست لە کار کێشانەوەی بە کۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیاندوە. |  |
| ٨ | ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی خاوەنکار : حدک، وێڕای پیرۆزبایی لە پێڕەوانی ئایینی یاری، وەک هەمیشە پشتیوانی خۆی لە هەموو ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی خەڵکی یارسان دووبارە دەکاتەوە و هیواخوازە پێڕەوانی ئایینی یاری و هەموو خەڵکی کورد، | |



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| ژ | ڕێکەوت | ڕووداو | وێنە |
|---|---|---|---|
| ٩ | ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | وتووێژی مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کوردستان ٢٤،لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز خالید عەزیزی لە پۆستی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان. |  |
| ١٠ | ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | هاوڕێ "ناسر قادرپور"، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ، سەردانی پەرلەمانی ئەو وڵاتەی کرد و لایەن بەڕێز "یوروند ریتمان"، ئەندامی پارلەمان و ئەندامی کۆمیتەی دەرەوە و بەرگریی پارلەمان لەسەر لیستی پارتی پێشکەوتنخوازەوە، بە گەرمی پێشوازی لێ کرا. |  |
| ١١ | ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | وتووێژی بەرنامەی ڕووداوی ڕۆژهەڵات لەگەڵ هاوڕێیان مەولوود سوارە و خالید حەسەنپوور ئەندامانی ڕیبەری حدک: لە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئەو حیزبە. بۆ باس لە سەر ئەو تەوەرە و چەندین تەوەری دیکەی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، |  |
| ١٢ | ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | ڕاگەیەندراو بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتیی ئایینی و تێکۆشەری دێرینی دیموکرات مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانی: دەفتەری سیاسیی حدک بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلامحەممەدی عوسمانی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری ئەو کەسایەتییە بەڕێزو خەباتکارە دەکاو خۆی بە هاوبەشی خەمو ماتەمیان دەزانێ. |  |
| ١٣ | ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | دکتور عەلی مازوجی، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی کومیتەی ئوتریش،ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە مەبەستی نوێکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردووک لا و باس لە سەر ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی کوردستان، ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئوتریشی کرد و لە لایەن خاتوو دکتور " ئورلیکە تیلی و دکتور ئۆسکار وستینگەر، بەرپرس و کارناسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی ئەو وەزارەتخانەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا. |  |
| ١۴ | ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | لە ڕێورەسمێکی ماتەمینەدا کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان وکادر و پێشمەرگەکانی هەر دوو لایەنی دێموکرات تێیدا بەشدار بوون، هاوڕێ مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی سەبارەت بە ژیان و خەباتی خواڵێخۆشبوو مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. |  |
| ١۵ | ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | بەرێز حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک، لە دیدارێکی تایبەت لە گەڵ کوردکاناڵ، بە ئاماژە بە دەست لە کار کێشانەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەم بارەوە گوتی: ناوبراو هۆکاری دەست لەکار کێشانەوەی کاک خالید عەزیزیی بە مافێکی تاکەکەسی زانی و ئاڵوگۆر کردنی دەسەڵاتیش لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە خاڵێکی جەوهەری و ئەرینی لە قەڵەم دا. |  |
| ١۶ | ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | بەرێوە چوونی کۆنفرانسی کومیتەی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، بە بەشداری بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب کە لە هەموو ناوچەکان، لە باکوورەوە تا باشووری ئەو وڵاتە هاتبوون و نوێنەری کومسیۆنەکانی تەشکیلات و چاوەدێری ئەساسنامە، لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید. |  |
| ١٧ | ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە دەسبەسەرکردنی "هاوارد لی" و هاورێیانی لە مالیزی پەیامێکی بڵاوکردەوە. ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان وێرای مەحکوم کردنی ئەو هەڵسوکەوتەی پۆلیسی مالێزی، خوازیاری ئازادی بەپەلەی بەڕێز "هاوارد لیی" و هاورێیانین. | |
| ١٨ | ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | ٦٩٢هەمین ژمارەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە چەندین بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتەی و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ١٩ | ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | بەشێک لە لاوان و تازە لاوانی شاری سەقز لە بەرەبەری ٢٦سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، چالاکیی تەبلیغییان کرد. لەوچالاکییە تەبلیغییەدا خوێندکارانی قوتابخانەیەک لە شاری سەقز بە نووسینی دروشمی پێوەندیدار، لە گەڵ ئامانجەکانی حیزب و ڕێبەرانی شەهید پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە. |  |
| ٢٠ | ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | سمینارێکی تایبەت بە پرسی ژنان لە یەکێک لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی نێو ڕێزەکانی حیزب، ئەو سمینارە زانستی‌یە کە لەسەر دەستی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان رێکخرابوو، لەچەند پانێڵ ئامادە و پێشکەش بە بەشداربووان کرا. |  |
| | | | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | شاندێکی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان بە سەرپەرستی خدر رووسی سکرتێری گشتیی بزووتنەوەکە ، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کرد و لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزب لە شاری هەولیر، پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٢٢ | ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | کۆچی دوایی میرزا عەبدوڵڵا شەرەفکەندی برای مامۆستا عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی ، نووسەر و وەرگێڕی بەناوبانگی کورد و، برا گەورەی دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکڕات ماڵاوایی لە ژیان کرد. ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پرسە و سەرەخۆشی خۆی پێشکەش بە بنەماڵەی بەرێزو تێکۆشەری شەرەفکەندی و سەرجەم کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکات و، خۆی بە هاوخەم وشەریک خەمیان دەزانێ. |   |
| ٢٣ | ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێری گشتی حیزب سەردانی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی کرد، کە لە لایەن هەیئەتێکی ئەو حیزبە بە سەرپەرستی بەڕێز عەبدڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێشوازیان لێکرا. |  |
| ٢٤ | ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاوڕێ زاهید شاعیری بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ڕێورەسمی ٣٨ ساڵەی دامەزرانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە وڵاتی سویس. |  |
| ٢٥ | ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نۆامبەر، ڕۆژی نێونەتەوەیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان، سمینارێکیان بۆ بەرێزان مەریوان هەڵەبجەی لێکۆڵەرو روناکبیر لە بواری ئیسلامدا و "کریستین ئۆرەن" بەرپرسی بەشی پەنابەران لە شارەوانیی "شێسمۆ" پێک هێنا. |  |
| ٢٦ | ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە کۆمێسۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، لە شاری پێشەوا قازی، بە بۆنەی هاتنی ٢٦ی سەرماوەز، "ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان" چالاکیی تەبلیغییان کرد. |  |
| ٢٧ | ٢٨ی نۆڤەمبەری٢٠١٦ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە سەرپەرەستی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران( کۆمەڵە)ی کرد کە، لە لایەن هەیئەتێکی سەرکردایەتی ئەم حیزبەوە بەسەرپەرەستی بەڕێز سەلاح مازووجییەوە پێشوازی لێکرا. |  |
| ٢٨ | ٢٨ی نۆڤەمبەری٢٠١٦ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە سەرپەرەستی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد، لە لایەن هەیئەتێکی ئەو حیزبە بە سەرپەرستی بەڕێز عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری کۆمەلە پێشوازی لێکرا. |  |
| ٢٩ | ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی مافی منداڵان ڕێوڕەسمێکی بەبەشداریی سەدان کەس لە منداڵان و ئەندامانی بنەماڵەکانیان پێکهێنا. لەو ڕێوڕەسمەدا کۆمەڵێک چالاکی و بڕگەی هونەری پێشکێش کران. |  |
| ٣٠ | ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان پێکهاتوو لە هاوڕێیان خالیدی حەسەنپور ئەندامی ڕێبەری وسولتان گوڵاوی بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمان لە دەفتەری ڕێکخراوی چەپەکانی ئاڵمان لە شاری بێرلین، لەگەڵ هەیئەتێک لە چەپەکانی ئاڵمان پێکهاتوو لە ئاغای ئاندریاز گونتەر و بەرپرسی پێوەندییە نێوونەتەوێەکان و خانمی وویدرمان بەرپرسی کۆبووەوە. |  |
| ٣١ | ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | شاندێکی نوێنەرایەتی " هەدەپە " لە هەولێر پێکهاتوو لە شیلان محمد امین ئوغلو و عابید، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کرد و لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزب لە شاری هەولیر، پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٣٢ | ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | لە بەرەبەری هاتنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی سەرمای ستەم بەزێن، واتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵەی گیانباز و بە وەفای گەل و خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵک ، ئەندامان،دۆستان و هۆگرانی حیزبە لەمێژینەکەمان لە شار و ناوچەی دیواندەرە کۆمەڵێک چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. |  |
| | | | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣ | ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | پەیامی مامۆستا عەبدووڵلا حەسەن زادە بۆ کۆڕیادی مامۆستای نەمر حەسەن قزڵجی: لە دڵەوە ڕێز بۆ بەشداریتان دادەنێم و بەتایەتییش سوپاس و دەستخۆشیم بۆ ئەو بەڕێزانە هەیە کە هەم ئەو کۆڕی ڕێزدانانەیان ڕێک خستوە و هەم لەوەش گرنگتر بە وەرگێڕانی کتێبی هەرە بەناوبانگی حەسەنی قزڵجی (پێکەنینی گەدا) بۆ سەر زمانی فارسی ئەو نووسەرە گەورەیە. |  |
| ٣٤ | ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | ئەنـدامان و لایـەنگرانی حیزبـی دێمـوکراتـی کوردسـتان، بـە بۆنـەی سـاڵیادی ٢٦ی سـەرماوەز، ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردستان و ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە نێو شاری بانە و لە چەندین شوێنی گرینگی ئەوشـارە چالاکیی تـەبلیغی کـرا. ئەم شوێنانە بریتین لە گەڕەکەکانی ساڵح ئاوا، هەمزاوا، دوو کانیان، پیرمراد، چیای ئاربابا و دووزین. |  |
| ٣٥ | ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و دۆستانی بە ئەمەگی حیزب لە شـاری مەریوان لە چەلاکییەکـی تـەبلیغیـدا یـاد ونـاوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرزنرخاند و, دار ودیوای شاریان بە وێنەی ڕێبەرانی شەهید ڕازاندەوە. |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا








سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com






**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ۱ | مانگی دیسەمبەری ۲۰۱٦ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ۱ | ۱ی دێسەمبەری ۲۰۱٦ | لە سەر بانگهێشتی نوێنەرایەتی (هەدەپە) لە هەولێر ، شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی و حسن کاکیلی بە مەبەستی تاووتوێ کردنی ڕەوشی تورکیە و بە تایبەت جەریانی گرتنی هاوسەرۆکەکان و پارلمانتاران و بەشێک لە سەرۆک شارەوانییەکانی سەر بە "هە.دپە" لە شارەکانی باکوری کوردستان ، بەشدارییان لە کۆبوونەوەیەک بە بەشداری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان لە شاری هەولێر، کرد. |  |
| ۲ | ۲ی دێسەمبەری ۲۰۱٦ | کوردانی خەڵکی ئیلام کە لە شاری تاران دەژین، ئەمساڵ بە شێوەیەکی گەرموگوڕتر بە بڵاوکردنەوەی تراکت و دروشمی پێوەندیدار یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرزراگرت. |  |
| ۳ | ۲ی دێسەمبەری ۲۰۱٦ | هەیئەتیکی کومیتەی دانمارک،ی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاوڕێ هیوا زەبیحی و هاوڕێیەتی بەشیکی بەر چاو لە ئەندامانی تیکوشەری حیزب و دایە خە یال قادری هاوسەری کۆچکردوو کاک نەبی، چەپکە گوڵی ڕێز و وەفایان لە سەر گڵکۆی شەهید نەبی قادری دانا. |  |
| ۴ | ۳ی دێسەمبەری ۲۰۱٦ | هەیئەتێکی "ڕێکخراوی یاری کورد" لە نۆرویژ، پێکهاتوو لە بەڕێزان "عەلی فازلی" و "ئەلماس محەممەدی" سەردانی بەشی پێوەندیی هێزە کوردستانییەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیان لە وڵاتی نۆرویژ کرد و لە لایەن هاوڕێ "ئەسعەد خزری" بەرپرسی بەشی هێزە کوردستانییەکان و هاوڕێ "خوسرەو قادری" ئەندامی ئەم بەشەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد. | |
| ۵ | ۴ی دێسەمبەری ۲۰۱٦ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی حیزبی سوسیالیستی سویس، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، بە سەرپەرستی هاوڕێ خوسرەو مستەفا نژادو خاتوو پەروین شکوری، لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرە لە لایەن بەڕێز" پێتر گۆگ بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی پارتی سوسیالیستەوە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا. |   |
| ٦ | ۵ی دێسەمبەری ۲۰۱٦ | ئەندامان و لایەنگرانی بەئەمەگی حیزب، لە شاری مەهابادی کوردان، بە بۆنەی هاتنی ڕۆژی ۲٦ سەرماوەز ، ڕۆژی پێشمەرگەو ئاڵای کوردستان لە "شەهرەک سەنعەتی" ئەو شارەو ، چەند شوێنێکی دیکە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. |  |
| ۷ | ٦ی دێسەمبەری ۲۰۱٦ | یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی ڕێکخراو، لە هەولێر سەردانی سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن شاندێکی پایەبەرز بە سەرپەرستی سکرتێری ڕێکخراو، بەرێز تەیمور عەبداڵ پێشوازییان لێکرا. | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، لە شاری نەغەدە، بە بۆنەی هاتنی رۆژی ٢٦ سەرماوەز ، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ئاڵای کوردستان لە قوتابخانەی موعەلیم، کۆڵانی قوتابخانەی ئەلمەهدی لە شەقامی سمایل ئاباد، پشت مزگەوتی حاجی بابائاغا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. |  |
| ١٠ | ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و یارانی بەئەمەگی حیزب لە شاری بۆکان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی هەڵکردنی ئاڵا و هەروەها رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، دوو هێمای نەتەوەیی و یادگاری کۆماری مەزنی کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و دروشم و وێنەی پێوەندیدار لە نێو شاری بۆکان و دەوروبەری ئەو شارە یاد و ناوی پێشمەرگەیان بەرز راگرت. |  |
| ١١ | ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بە بۆنەی رۆژی مێژوویی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی هەڵکردنی ئاڵا و رۆژی پێشمەرگەی کوردستان ، دار و دیواری شاری پیرانشار بە تراکت و دروشمی پێوەندیدار ڕازایەوەو ، لایەنگران و ئەندامانی بە هەڵویستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری پیرانشار، لە گەڵ پێشمەرگەو ئامانج ورێبازی پێشمەرگانە پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە. |  |
| ١٢ | ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی بەهەست وسۆزی حیزب، لە شاری ڕەوانسەر و گوندی" گەلەچەرموو" ، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز بە بڵاوکردنەوەی تراکت ونووسراوەی پێوەندیدار، لە گەڵ پێشمەرگە و، رێباز و بایەخی پێشمەرگانە پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە. |  |
| ١٣ | ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | دۆستان و ئەندامانی بەهەست و هەڵویستی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە گوندی سەهۆڵان و چەند گوندێکی دیکەی ئەو ناوچەیە بۆ دووەمین جار بە چالاکیی تەبلیغی یاد و ناوی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت. |  |
| ١٤ | ١١ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کورستان بە بۆنەی هاتنی جێژنی مەلوود، رۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەری موسڵمانان، پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان دەکاو، هیواخوازە کە ئەم بۆنە ئایینیێە ببێتە هۆی برایەتی و تەبایی زیاتری خەڵکی کوردستان. |   |
| ١٥ | ١١ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەرێزان؛ مستەفا مەولودی، جێگری سکرتێری حیزب و کەریم مهدوی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزب لە شاری سلێمانی، لە کۆنفرانسی حیزبە سۆسیالیستەکانی ئورووپا کە بە میوانداری یەکتیی نیشتیمانی رێکخرابوو بەشداریی کرد. |  |
| ١٦ | ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | لاوانی نیشتمانپەروەری ئێلامی دێرین لە ناوچەی چەوار، بە بۆنەی رۆژی پێشمەرگە بە بڵاوکردنەوەی نووسراوە و تراکتی پێوەندیدار ئەو یادەیان کردەوە. |  |
| ١٧ | ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە نێو خۆی وڵات لاوانی بەهەست و ئەندامانی بە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە چەند قوتابخانە و چەندین گوندی شاری سەردەشت بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار، یادی رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و رۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت. |  |
| ١٨ | | ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری دیواندەرە، جارێکی دیکە یاد و ناوی رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و رۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت. |  |
| ١٩ | ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب، رێبواران و درێژەدەرانی شەهید "هەژار قاسمی" لە ناوچەی شنۆ لە چالاکییەکی بەربڵاودا، وێڕای رێزگرتن لە یاد و ناوی شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان، رۆژی پێشمەرگە و ئامانجی پێشمەرگانەیان بەرز نرخاند. |  |
| ٢٠ | ١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و هەڵسووڕاوانی سەر بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری تیکابی ناوچەی هەوشار بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی ئاڵاو پێشمەرگەی کوردستانەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغییان نواند. |  |
| ٢١ | ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | دوای سەرکەوتنی بەڕێز " ئەلکساندەر فان دەر بێلن " لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە و دەسنیشان کردنی وەک سەرۆک کۆماری ئوتریش، بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی یەکەمی حیزب لە دەرەوەی وڵات، نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕیزیان کرد |  |
| ٢٢ | ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنفرانسی حیزبە سۆسیالیستەکان لە شاری سلیمانی: حیزبی ئێمە لە هەر شوێنێک و بە هەر ئامانجێک، کردەوەیەکی تیرۆریستی کرابێ ئیدانەی کردووەو، ئەم کردەوە دژە ئینسانیەی بە هەموو شکڵ و شێوەیەکانیەوە ڕەت کردۆتەوەو رەد دەکاتەوە. | |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦ | ١٦ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | لاوانی بەهەست و ئەندامانی بە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شاری مەهاباد و ناوچەی ڕەبەت، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار، یادی ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت. |  |
| ٣٧ | ١٧ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | بۆ ڕێز گرتن لە پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە شاری تورکوی فینلاند بە بەشداری جەماوەرێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی فینلاند ڕێورەسمێکی بە شکۆ بەڕێوە چوو. |  |
| ٣٨ | ١٧ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | سپاس و پێزانین بۆ ئەندامان و دڵسۆزانی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: هاوکاریی خەڵک لە گەڵ تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نهێنیو پێشوازیی ئەوان لەو چالاکیانە، هەم دڵگەرمیو هاندانێکی بە نرخ بووە بۆ ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، هەم ڕێخۆشکەر بووە بۆ سەرکەوتنی ئەو جۆرە چالاکیانە. | |
| ٣٩ | ١٧ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەشداریی کۆمیتەی سویس ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی پڕ شکۆ بۆ پشتگیری لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان و ڕێزگرتن لە ڕۆژی ئاڵاو پێشمەرگەی کوردستان یەکێک لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی شاری زوریخ لە وڵاتی سویس. |  |
| ٤٠ | ١٧ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | لە سەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناوەندی زاگرۆس بۆ مافەکانی مرۆڤ (ژنف) بۆ لە قاودانی پێشێل کاری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆپیشاندانێک بە بەشداری بەشێک ئەندامان، لایانگران و دۆستانی حیزب و یەکێتییەکانی لاوان وژنان لە بەردەم بنکەی سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری ژنف بەڕێوەچوو. |  |
| ٤١ | ١٧ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | بانگهێشتی فیدڕاسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان و بەشێکی زۆر لە هێز و لایەن و حیزبە سیاسیەکانی چوار پارچەی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بە مەبەستی ڕێز گرتن لە ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان خۆپێشاندانێکی بەرفراوان بە بە شداری ڕەوەندی کوردی لە بەردەم پارلمانی دانمارک لە شاری کۆپنهاگ بە ڕێوە چوو. |  |
| ٤٢ | ١٧ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی چاونەترسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری مەهاباد بۆ جارێکی دیکەش بە بڵاوکردنەوەی تراکت و دیوارنووسینی گەڕەک و کۆڵانەکانی جرتاوا، گەرەکی ئەبەری شەقامی ئاشێ، گەڕەکی عەبدوڵلابادی شاری مەهاباد، یادی بەرز نرخاند. |  |
| ٤٣ | ١٧ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی چاونەترسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری سەقز، ڕێزیان لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانیان گرت و لەچەندین گەڕەک و شەقامی شاری سەقز و چەند گوندی ئەو ناوچەیە تراکت و دروشمی پێوەندیداریان بڵاوکردۆتەوە. |  |
| ٤٤ | ١٧ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | کۆمیتەی لینشۆپینگی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بە بۆنەی ٢٦ ی سەرماوەز ڕۆژی پێسمەرگەی کوردستان بە بەشداری ئەندامانی حیزب و بەشێک لە کوردانی دڵسۆزی شاری لینشۆپینگ و نوێنەری چەند حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کوردستانی جێژنێکی چەندین کاتژمێریان بەڕێوە برد. |  |
| ٤٥ | ١٧ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | بە بونەی ٢٦ سەرماوەرز، روژی پێشمەرگە و ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ڕۆژی شەممە ١٧ دیسامبری ٢٠١٦ی زایینی لە شاری کۆڵن،ی ئاڵمان لە لایان هاڤکاری هێزە کوردستانییەکان ڕیورەسمێک پێک هات. سەرەتای ڕیورەسمەکە بە سرودی ئەی ڕەقیب و یەک خولەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. |  |
| ٤٦ | ١٨ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و دۆستانی حیزب لە شاری بانە سەرلەنوێ دارودیواری چەندین گەڕەک و کۆڵانی شاری بانەیان بە دروشم و تراکتی شۆڕشگێرانە ڕازاندەوە. ئەو شوێنانەی شاری بانە کە چالاکیی تەبلیغی تێدا کراون بریتین لە: گەڕەکی مەیانی چۆمان، کۆڵانی فەرهەنگیان، چوارڕییانی "سەبت ئەحواڵ"، سێ ڕێیانی بیمارستان. |  |
| ٤٧ | ١٨ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی کوردپەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەریوان ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ئاڵایەکی ٥ مێترییان لە گاراجی مەریوان ،سەقز هەڵکردو، بەو چەشنە یادی ٢٦ی سەرماوەزیان بەرز ڕاگرت. |  |
| ٤٨ | ١٨ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و دۆستانی حیزب، لە شارەکانی پاوە و سەرپێل زەهاو، پێشوازییان لە ٢٦ی سەرماوەز کرد و، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار لە چەندین گوندی ئەو ناوچانە، پاڵپشتیی خۆیانیان لە ئامانجی پێشمەرگانە دەربڕی. ئەو یادەیان بەرز ڕاگرت. |  |



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٩ | ١٨ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و دۆستانی حیزب لە ناوچەی شنۆ بۆ جارێکی دیکە بە چالاکیی تەبلیغی خۆیان، ئەو گوندانە: بێبزورتێ، خوروشت، کانیسۆرک، هێیە، میراوێ، کیسەڵاوێ، بێتریان، تاژەندەرێ، شێخان، کانیڕەش، قەڵاتیان، بابخاڵاوێ، چەپەراوێ، سەرگیز و دوربە. ڕێزیان لە ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ئاڵای کوردستان گرت. |  |
| ٥٠ | ١٨ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بە بەشداری بەرچاوی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دۆستان و لایەنگرانی ئەو حیزبە، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە وڵاتی نۆرویژ بەڕێوە |  |
| ٥١ | ١٩ای دێسەمبەری ٢٠١٦ | شاندێکی تەڤگەری جڤانین کوردی ڕۆژئاوا بەسەرپەرەستی عیماد یوسف سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە، سەردانی سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد و، لەلایەن شاندێکی یەکیەتیی لاوان بە سەرپەرەستی سکرتێریی گشتیی ڕێکخراو، پێشەوا عەلی پوور پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٥٢ | ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی شیناوێ بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار یاد و ناوی ڕێبەری گەورەی گەلەکەمان شەهید دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت پێداگرییان لەسەر درێژەدانی ڕێگای قاسملووی شەهید کردەوە. |  |
| ٥٣ | ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | شاندێکی ناوەندی ٣ بە سەرپەرستی لوقمان موئمێنی بەرپرسی ناوەندو هاوڕێیەتی ئەحمەد قازی و عوسمان شێخانی ئەندامانی ناوەندو بەشێک لە کادرکانی ناوەندی٣ سەردانی ناوچەی بەرانەتی پارتی دێموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن شاندی ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی بەرپرسی ناوچە هێرش مەلاجەوەر و ئەندامانی کارگێری ناوچە پێشوازیان لێکرا . |   |
| ٥٤ | ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەبۆونەی ڕۆژی نیشتمانی ئاڵا و بۆ ڕێزگرتن لە قارەمانەتی پێشمەرگە سیمینارێکی هاوبەش لەلایەن یەکیەتییەکانی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵات و باشوور لە ژێر ناوی "ئاڵا و پێشمەرگە دووانەیەکی لێکدانەبڕاون" بۆ بەڕێزان عومەربالەکی و ئومید خۆشناو ڕێکخرا. |  |
| ٥٥ | ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩٤ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو کرایەوە. لەو ژمارە نوێیە کوردستان دا چەندین بابەت و وتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەدەبی و هونەری، بەیاننامە و ڕاگەییندراوە ڕەسمییەکانی حیزب و هەواڵی کاروچالاکییەکانی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرچاو دەکەوێ. |  |
| ٥٦ | ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە تەقینەوەی تێرۆریستی لە بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاوکردەوە: ئێمە وێڕای مەحکوم کردنی ئەم کردەوە تێرۆریستیە وەبیر هەموو کوڕ و کۆمەڵە نێونەتوەییەکان دێنینەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەمێکە دەستی کردوە بە هەڕەشەی لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆن. | |
| ٥٧ | ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | لەو ڕێورەسمەدا بە بەشداری بەشی هەرە زۆری کادر وپێشمەرگەو ئەندامانی حیزب و هەروەها نوێنەرایەتی ولایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات وباشووری کوردستان وێڕای ئیدانە کردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییە، یادوناوی تازەترین شەهیدانی دێموکراتیان بەرز ڕاگرت و سەرەخۆشییان لە بنەماڵەی گەورەی دێموکرات کرد. |  |
| ٥٨ | ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | وتوویژی سکرتیری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز کاک خالید عەزیزی لە پیوەندی لەگەل هێرشی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لەگەل تەلەفزیونی کوردستان ٢٤. |  |
| ٥٩ | ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەڕێز خالید عەیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێک دا لەگەڵ کاناڵی ڕووداو کە لەبنکەی دەفتەری سیاسی حیزب لە قەڵای دیموکراتەوە ڕاستەوخۆ بڵاو کرایەوە، سەبارەت بە کردەوەی تێرۆریستییەی شەوی ای بەفرانبار کە دژ بە بنکە و بارەگا و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکەمان ئەنجامدرا ڕوونکردنەوەی پێویستی دا بە ڕای گشتی. |   |
| ٦٠ | ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | تەقینەوەکەی شەوی یەڵدا لە نێو بنکەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن زۆربەی میدیا بیانییەکانەوە گرینگیی پێدراوە و بە هەواڵ و ڕاپۆرت و لێکدانەوە باسیان کردوە. |  |
| ٦١ | ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بەتایبەتی ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی هاوخەمی و هاوسۆزییان لە گەڵ بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدانی شەوی یەڵدا و ڕق ونفرەتیان لە کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی ٢١ی دیسامبر دەربڕین پاڵپشتی خۆیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دووپات کردەوە. | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٢ | ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەشێکی بەرچاو لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و کەسایەتییە حقووقییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان وێڕای سەرەخۆشی کردن و ئیدانەکردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییە، خوازیاری ئەوە بوون کە لە زووترین کاتدا بەدواچوونی بۆ بکرێ و بکەران و دەستوپێوەندییەکانی ئەو کردەوە بە ڕای گشتیی بناسرێن و شەرمەزار بکرێن. | |
| ٦٣ | ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەیاننامە لە بارەی: تەقینەوە تیرۆریستیەکەی شەوی ای بەفرانبارو پەیامو شوێنەوارەکانی: ئێمە یادی شەهیدانی ئەو تەقینەوە تێرۆریستییە بەرز رادەگرین و سەرەخۆشی لە بنەماڵە دڵ بە خەمەکانیانو هاوسەنگەرانیان دەکەین. | |
| ٦٤ | ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەردەوامیی چالاکیی تەبلیغیی لە شارەکانی کوردستان بە مەبەستی هاوخەمیی لە گەڵ حدک لە شارەکانی سنە، بیجار، سەقز، شنۆ، دیواندەر، ڕەبەت، مەریوان و سەهۆڵانی مەهاباد و بۆکان و ڕەبەت، هەروەها کوردانی دانیشتوو لە شاری کەرەج. هاوخەمیی خۆیان لە گەڵ کەسوکار و، بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەڵدا دەربڕی. |  |
| ٦٥ | ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەمەبەستی ڕیسوا کردنی کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی ای بەفرانبار کە کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکانی، حیزبی دیموکراتی کوردستان شەهید بوون. لە وڵاتی بریتانیا خۆپیشاندان و ئاکسیۆنێکی بەرینیان ڕێکخست. |  |
| ٦٦ | ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | لە ساڵۆنی سەنتەری شەنتیلی لە دەڤەری واشینگتۆن کۆڕێکی پرسە و ماتەمین بۆ بەرز ڕاگرتنی ناو و یادی شەهیدانی یەڵدای حیزبەکەمان. بە بەشداری بەرچاوی حیزب و لایەنە سیاسییەکان، و چەندین کەسایەتی ناسراو. لە لایەن کومیتەی حیزب لە واشینگتۆن بەڕێوەچوو. |  |
| ٦٧ | ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | پەیامی پرسەو سەرەخۆشی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچیدوایی ناسری ئێرانپوور، لێکۆڵەر و وەرگێڕ و ڕۆشنبیری بەهرەمەندی کورد: گەرمترین سەرەخۆشی و هاوخەمیمان پێشکەشی بنەماڵە بەڕێزەکەی و هەموو قەدرزانانی ئەو کەسایەتییە پڕ خزمەتە دەکەین. و لە دەستدانی بە خەسارێک بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلەکەمان دەزانین. |  |
| ٦٨ | ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بە میوانداریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بە ئامانجی هاودەنگی و یەکگرتوویی لە مەحکومکردنی تاوانی تێرۆریستیدا گیرا، شاندی زۆربەی هەرە زۆری حیزبە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان بەشدار بوون. |  |
| ٦٩ | ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەکدەنگ و یەکگرتوو کردەوەی تیرۆریستی مەحکووم دەکەین: ئێمە نیگەرانین کە تاوانی تیرۆریستیی شەوی ای بەفرانبارو پیلانە پووچەڵ بۆوەکانی پێشتر، سەرەتایەک بێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان ببێتەوە بە مەیدانی پیلان و هەڕەشە و کردەوەی تیرۆریستیی لە دژی لایەنە سیاسییە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |  |
| ٧٠ | ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | ڕاگەیەنداوی پرسە و سەرخۆشی کۆمیتەی ئاڵمان،ی ح د ک بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک ناسری ئێرانپوور ، ئەندامی پێشووی حیزب، ڕۆژنامە نووس، لێکۆڵێنەر و نووسەری بە توانای گەلەکەمان. |  |
| ٧١ | ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ئاڵمان بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی کردەوە تێرۆریستیەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شەوی یەڵدای خوێناویدا کۆڕێکی پرسەوهاوخەمی بۆ ئەم شەهیدانە کە ژمارەیەکی بەرچاوی کوردانی دانیشتووی ئاڵمان لە هەر چوارپارچەی کوردستان تێیدا بەشدار بوون پێک هێنا. |  |
| ٧٢ | ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەڕێز مەلا حەسەن شیوەسەڵی کەسایەتیی و خەباتکاریی بەناوبانگی دێموکرات سەبارەت بە ڕووداوی کارەساتباری شەوی یەڵدا، پەیامێکی پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. |  |
| ٧٣ | ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەحمەد ڕەئفەت، ڕۆژنامەنووسی بەئەزموونی ئێرانی لە هەڵویست گرتنێکدا تەقینەوەکانی بەردەم بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی شەرمەزار کردو لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەتایبەتی بنەماڵەی شەهیدان هاودەردی و هاوخەمیی دەربڕیوە. |  |
| ٧٤ | ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سەقز بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەو و وێنەی شەهیدانی شەوی یەڵدا ئەو شارە هاودەردییان لە گەڵ بنەماڵەی قوربانیانی کارەساتی شەوی یەڵدا دەربڕی و بە توندی پەلاماری تێرۆریستیی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان مەحکووم کرد. |  |
| ٧٥ | ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | پۆلێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری پیرانشار بە ناردنی نامەیەک بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەلامارە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدایان مەحکووم کرد و، لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هاوخەمییان نواندوە. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧٦ | ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بە دەستپێشخەریی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پارکی "شانەدەر" کۆبوونەوەیەک بۆ شەرمەزارکردن و مەحکوومکردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو. |  |
| ٧٧ | ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | لایەنگران و دۆستانی نیشتمانپەروەری حیزب، لە شاری شنۆ ئەم شوێنانەیان کردە ئامانجی کار و چالاکیی و وێنەی شەهیدانی شەوی یەڵدا و تراکت و دروشمی پێوەندیداریان بڵاوکردەوە. چالاکیی و هەڵوێست گرتن کردەوەی تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدایان مەحکوم کرد و یادی شەهیدانی سوورخەڵاتیان بەرز نرخاند |  |
| ٧٨ | ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | لایەنگرانی کوردپەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری نەغەدە، وێڕای مەحکوومکردنی هێرشی تیرۆریستیی بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان, هاوخەمیی خۆیان لە گەڵ کەسوکار و، بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەڵدا دەربڕی. |  |
| ٧٩ | ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناویی دێموکرات، لەباکووری شاری ستۆکهۆڵم پێکهات.لەم کۆڕیادەدا ژومارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کەسایەتی و کوردانی تاراوگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوون. |   |
| ٨٠ | ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی شەوی یەڵدای خوێناویی دێموکرات، لە نۆروێژ، بە بەشداریی ژومارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کەسایەتی و کوردانی تاراوگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕیادێک پێکهات. |  |
| ٨١ | ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | کۆمیتەی دانمارک،ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بەرز ڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناوی دێموکڕات، کۆڕیادێکی بە بەشداری ئەندامان و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی چوار پارچەی کوردستان و کۆمەڵە کولتوریەکان و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب و ڕەوەندی کوردی لە وڵاتی دانمارک پێک هێنا. |  |
| ٨٢ | ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بۆ ڕێزگرتن لەشەهیدانی دەستی تیرور ولەقاودانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک بەڕێوەبەری تیرۆری شەوی یەلدا، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لەکوردانی دانیشتووی شاری ئادلایدی ئوسترلیا ئەم وڵاتە کۆڕیادێک بەڕێوەچوو. |  |
| ٨٣ | ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | کومیتە ناوچەی "ترۆندلاگ"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەشداری بەرچاوی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و نوێنەرانی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، لە شاری "ترۆندهایم" کۆڕیادێکی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات و هاوکات مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە پێک هێنا. |  |
| ٨٤ | ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست لە پەیامێکدا کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدای مەحکووم کرد و لە گەڵ حیزب هاوخەمیی دەربڕێ. | |
| ٨٥ | ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | دەستەی دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری بزاڤی ئاشتی "بان" بە سەرپەرەستی بەڕێز حاکم رزگار، بە مەبەستی پاڵپشتیی کردن و هاودەردی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان. سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کردو، لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرەستی هاوڕێ مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حدک پێشوازییان لێکرا. |   |
| ٨٦ | ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە پشتگیری یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستان خۆپیشاندانێکیان بە بەشداری لایەنە سیاسیە کوردستانی و ئێرانیەکان بۆ سەرکۆنە و ڕیسوا کردنی ترۆریزم لەبەرەرگای سەرەکی بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکانی لە ژنێف وەڕێ خست. |  |
| ٨٧ | ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | شاندێکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوان بە سەرپەرەستی بەڕێز هێمن عەمید سەردانی سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد و لەلایەن شاندێکی یەکیەتیی لاوان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتیی ڕێکخراو پێشوازیان لێکرا. |  |
| ٨٨ | ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ڕیسوا کردنی کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدای بەردەم بارەگای سەرەکیی حیزبەکەمان لە شاری کۆیە، کە لەلایەن کۆماری تێرۆریست پەروەری ئیسلامییەوە ئەنجام درا، ئاکسیوینیکی هێمنانەی لە بەردەم نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری بۆنی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوەبرد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨٩ | ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | کومیتە ناوچەی "رۆگالاند"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و کوردانی نیشتەجێ ئەو شارە، خۆپێشاندانێک فراوانیان دژ بە کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبەردەم قەڵای دێموکرات، لە شاری "ستاڤانگێر"ی وڵاتی نۆروێژ وەرێخست. |  |
| ٩٠ | ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | کۆبوونەوەیەکی ئەمنیەتی - تەشکیلاتی بەمەبەستی توندوتۆڵکردنەوە ئەمنیەت و رێکخستنی کاری رێکخراوەیی لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ سەدان کادر و پێشمەرگە پێکهات. |  |
| ٩١ | ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | لەسەر بانگهێشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتە ئۆتریش بە بەشداری زۆربەی حیزب و رێکخروە سیاسیە کوردستانییەکانی جێگیر لەو وڵاتە، خۆپیشاندانێک بۆ رێزگرتن لەشەهیدانی شەوی یەڵدا و بۆ ریسوا کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەرێوەچوو. |  |
| ٩٢ | ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەمەبەستی شەرمەزار و مەحکوومکردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شەوی یەڵدا،لە وڵاتی نۆروێژ بەبەشداریی حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و تێکۆشەرانی کوردی خۆپێشاندانێکی بەرفراوان بەرێوە چوو. |  |
| ٩٣ | ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | پەیامی بورێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کریسمەس و هاتنی ساڵی نوێی ٢٠١٧: بەبۆنەی هاتنی کریسمەس و ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی لە هەموو مەسیحییەکانی کوردستان و ئێران و ئەو هاونیشتمانانە دەکەم کە سەری ساڵی زایینی جێژن دەگرن. |  |
| ٩٥ | ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | بەمەبەستی شەرمەزار و مەحکووم کردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شەوی یەڵدا، ئاکسیۆنێک بەبەشداری حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان لە بەردەم باڵوێزخانەی رژیم لە لایەن کۆمیتەی هولەند بەرێوەچوو. |  |
| ٩٦ | ٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٦ | وەرزشوانێکی لاو و سەرکەوتووی کوردی خەڵکی کرماشان بە ناوی "ژیار کتابی" بە مەبەستی هاوخەمیی لە گەڵ بنەماڵەی شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات و مەحکوومکردنی کردەوەی تیرۆریستیی، میداڵێک کە لە بواری وەرزشی "وشوو، کۆنگفوو"، لە کێبەرکێییەکانی جیهانی بە دەستی هێنابوو، لە هەڵوێستێکی کوردانەو ئازایانە ئەو میداڵەی پێشکەش بە کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەڵدا کرد. |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا




https://serchawe.com




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com